
گوناهەکانی دڵنیایی

ناوی کتێب: گوناهەکانی دڵنیایی
نووسینی: بەرزان هەستیار
بابەت: شیعر
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: زانا سامان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (١٤٩٦) ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان- سلێمانی
چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

# گوناهەکانی دڵنیایی

نووسینی:
بەرزان هەستیار

سلێمانی - ٢٠٠٩

## پێشکەشە بە :

ڕۆحی جوانی هەموو ئەو کەس و هاوڕێیانەی  قۆناغ بە قۆناغ جێیان هێشتم و هەر یەکەشیانم بە جۆرێکی جیاواز خۆشویست و خۆش ئەوێت .

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| چەند وشەیەک | ٧ |
| بەندەر ئارامەکانی دووری | ١٣ |
| سەفەرە پڕ ڕەنگەکانی خەیاڵ | ١٨ |
| ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن | ٢٥ |
| خودایە، بمبەخشەرەوە بە لافاو | ٢٩ |
| گۆڕستانێکی ئازاد! | ٣٦ |
| ئەوبەری گومان | ٣٨ |
| بەر لە وادەی.... | ٤١ |
| خۆمێک کە لە هیچ ناچێت! | ٤٥ |
| خوێنی پیاو... | ٤٩ |
| هەموو شتێک، (دوعا) | ٥٥ |
| دوعا | ٥٧ |
| کەونێکی بێتام و ڕەنگ و بۆن | ٥٨ |
| شێتبوونێک لە دەرگام ئەدات | ٦٢ |
| لێک نەچوون | ٦٥ |
| گوناهەکانی دڵنیایی | ٦٩ |

| | |
|---|---|
| گەر لە هەق بێم و نەیەم .... | ٧٣ |
| کە (بەرزان هەستیار)یش ئەمرێت! | ٧٧ |
| سەرزە مین | ٨١ |
| دیوی سێهەمی پەندە کان | ٨٤ |
| هێڵی سوور | ٨٩ |
| ئەم دوو چڵ ڕێحانەی ژیانە، تا کەنگێ بۆنیان دێت! ! | ٩٣ |
| گەمارۆ | ٩٧ |
| لە ماڵی ژنێکی عاشقدا! | ١٠٣ |
| سەفەرێک بۆ (پاکبوونەوە) | ١١١ |
| گوێم لە زرنگەی زەنگێکە، ئەبێ ڕابم | ١١٥ |
| ئینسان | ١٢٣ |
| مردن، لێرە وایە، قوربان! | ١٢٨ |
| گلەیی بکە بە لای خوداوە | ١٣٣ |
| توونێلەکانی گومان | ١٣٨ |
| هەمیشە مردن، هەمیشە پرسیار | ١٤٤ |

# چەند وشەیەک:

کە بیرم لە چاپکردنی ئەم کۆمەڵە شیعرەی بەردەستتان کردەوە، وام بەچاکزانی هیچ شتێکی وەک پێشەکی بۆ بنووسم، هێندە نەبێت چەند سەرەقەڵەمێک بخەمە بەردەستی تۆی خوێنەر و پاشان جێت بێڵم و لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، خۆت ئازادیت هەر بیرو بۆچوون و حوکمێکت لەسەریان، لا گەلاڵە ببێت .

وەک بیرخستنەوەیەک ئەمەوێت بڵێم، کە یەکەم کۆمەڵە شیعرم بە ناوی (نەوەیەک پیرە منداڵ) لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپکرد و ئەوەش هەڵبژادەیەک بوو هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینی خۆمەوە تا کاتی چاپکردنی ئەو دیوانە .

پاشان لە ساڵی ٢٠٠٥ دیوانی دووەمم بە ناوی (بە تەنیشت فەنابوونەوە) لە دەزگای ئاراس بە چاپ گەیاند و ئەویشیان

پێکهاتبوو لەو کۆمەڵە شیعرەی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٥ نووسی بووم .
ساڵی ٢٠٠٨ یش دیوانی (قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی) م لە هەمان دەزگا چاپ کرد، کە بریتی بوو لە قەسیدەیەکی درێژ بە هەمان ناوی دیوانەکەوە .
ئەگەرچی لەو نێوانەدا ، واتا لە نێوان ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨ کۆمەڵێک شیعری ترم نووسی و لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بڵاومکردنەوە ، بەڵام وام بە چاکزانی (ساڵێک لە نیگەرانی) وەک ئەزموونێکی تازەی خۆم بە جیا چاپ بکەم .
ئێستاش کە (گوناهەکانی دڵنیایی) لەبەردەم تۆی ئازیزدایە، هەموو ئەو شیعرانەی لەخۆگرتووە کە لەدوای (بە تەنیشت فەنابوونەوە) و بەر لە (ساڵێک لە نیگەرانی) و دوای ئەویش نووسراون و حەزم نەکرد چاپکردنیان لەوە زیاتر دوا بکەوێت؛ .

## خوێنەری ئازیز:

ئەوەی ماوە بیدرکێنم، ئەوەیە کە هەمیشە وا بیرم کردۆتەوە ، نەک هەر لەخوێنەر و ڕەخنەگری جیدی، بەڵکو ئەکرێت لە خوێنەرێکی زۆر سادەش تێبینیی و ڕای جوان ببیستم،

جا  پۆزەتیڤانە بێت یان نێگەتیڤانە،  بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەڵێم: ئەوەی هەمە و نیمە ئەم شیعرانەن کە لە هەر دێڕێکیاندا گێنگڵدان و خۆخواردنەوە و تاسان و پاشان وە ئاگاهاتنەوەی خۆمیان تیادا ئەبینم  .

نامەوێت ئەوەشم بیر بچێت  کە قوتابییەکی بزێو و بزەڵەم و ئەزانم  چ وانەیەک گوێ لێ بگرم و لەهەمانکاتدا خوێندنەوە و لەبەرکردنی چ وانەیەکیش لە کەندەڵانی گومڕابوونم نزیک ئەخاتەوە .

زیاتر ناڵێم،  کاتی من تەواو، لە بانیژەی وشەدا جێتان دێڵم و تاکە ئاواتیشم ئەوەیە، ئەم کوڕ و کاڵی شیعرانەم خەجاڵەتی لای ئێوەم نەکەن .

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا / کۆلن


بەندەرە ئارامەکانی دووری

# بەندەرە ئارامەکانی دووری

دووری ئەگەر بەڵایە، نزیکییشە ئیبتیلا

(مەحوی)

حەز ئەکەم چ نەبێت،
جار بە جار .....
چەشنی هەسارەی دڵنەوایی لێم دوور بن
بۆ ئەوەی، بە بەرامەی عەتری تاسەکردنتان
حەوشە و هەیوانم سەنگین بێت، ....
بەختەوەرییم تەڕ و بڕ؛
ئەمەوێت تا چاو هەتەر کات ...
نەتانبینم،
بۆ ئەوەی لقی ....
پڕ نارنجی گەییوی تەماشاتان
بارەش زەفەری پێ نەبات،
ئەمە شێتی نییە کەسەکانم، شێتی نییە
بەڵکو لوتکە سەر بە تەمەکانی ئەقڵە،

لێگەڕێن، بستۆکەیەک .....
لە کەوشەنەکانی دووری پەیدا بکەین و
لەوێوە، لە سووچێکەوە ...
کەیلی نیگاکانی یەک بین
ئێمە کە گاڤێک، ئەنگوستەکانی ( نزیکی)
لەبەرۆکمان نەبنەوە
دەستمان گەرم و گوڕی لەزەتەکان...
بە باشی ناناسێتەوە،
لێومان تامی هەناری مێخۆشی ماچ و
زەقنەبووت تێکەڵ ئەکات؛
با، کەمێک، کەشتییەکانمان....
بگوێزینەوە بۆ دوو دەریای دووررررر ....
تا زەنگیانەکانی جوانی...
لە بەندێرەکانەوە بریسکەیان بێت،
نقێمەکانی ڕامووسان...
وردوخاش نەبن،
تاسەکانی ئاوێزان بوون ...
خاو نەبنەوە؛
ئەبێت سەری حاڵی بوون
بۆ ئەفسانەکانی دووری بلەقێنین،
بەرلەوەی دەست بداتە قەڵەم....
نامەکانی بە ڕوونی بخوێنینەوە
لە بازاڕەکانیدا بەکاوەخۆ بسووڕێینەوە و

لە جامخانەی دوکانەکانیدا
دەست بخەینە سەر ....
ملوانکەی مرواری (وەفا)،
ئەنگوستیلەی ئەڵماسی خۆشەویستی) و
بازنگی زێڕی (ئاسوودەیی)
با، فرسەخێک بۆ دووریی بدۆزینەوە، خۆشەیستانم،
بۆ ئەوەی قومرییەکی سەرباڵ شین هەبێت ...
هەمیشە بە دەماخی بەرزەوە
باڵەکانی پەخش بکات،
ئاسمانێک لە وجوودا بێت، هەموو دەم ...
لە شینایی ساماڵمان هەڵکێشێت
ماڵێک بدۆزینەوە ....
بۆنی بیرکردنی لێ نەبڕێت،
لەودیو دەرگایەکەوە تروشکە بکەین
یەکبینە، بۆ هاتنی کەسێک لەسەر پشت بێت،
چاوێک، چێژ لە هەنگوینی ڕوانین ببینێت،
لێوێک، وێردی هاتنەوەی کەسێک بخوێنێت
دەستێک، ئولفەتی پاڕانەوە...
بە سەوزی بیهێڵێتەوە؛
با، دوور بین،
دوورکەوتنەوە، شەوقی ئەو چراوگانەیە
لەگەڵ بێدەنگی گوندێکی زویردا...
ئاشتمان ئەکاتەوە

جامێک بەفراوی کەللە تەزێنە
تەلیسمەکانی سەراب ئەڕەوێنێتەوە
ئاگردانێک پشکۆی چاوێکی زیتە
لە سایەقەی پاش کرێوەیەکا ....
دەرفەتی زوقم نادات لە تەوێڵمان بنیشێت؛
ئەمەوێت دووربم، دوور.....
دووربین، دوور....،
با، یەکتر بێزار بکەین،
دڵی یەکتر بشکێنین،
وێنەکانی یەکدی لە دیواری ژوورەکانمان دابماڵین،
تاو نا تاوێک گوێ لە یەکتر نەگرین،
سڵاو نەسێنینەوە و سڵاویش نەکەین،
ئاخر ئازیزانم،
وا نەبێت، بڕستی هەڵهاتنم نابێت،
ناتوانم ئاوڕ نەدەمەوە
وا نەکەین، پێمان ناکرێت
گیرفانەکانمان سەرڕێژ بکەین......
لە گەزۆی بە تامی ئەڵوەدا بوون،
دووری، هەموو سات نەشتەری پێ نییە
شەتڵی خوێنمان تیا جێ بێڵێت،
ئارامە، دوورییش مناڵێکی ئارامە
وەلێ لە زمانی بەڵەد نین،
نازدارە، دووریش، کچۆڵەیەکی نازدارە

بەڵام نازانین چۆن بیدوێنین؛
با، ئاوی دووری بڕێژین، ئازیزانم
بۆ ئەوەی ستیانی شۆڕە ژنی حەرفەکان ...
ناسکتر ببینین؛
ئاگری فێنکی دووری ....
بەردەینە پاوانەکانی وەڕسبوون
نەسیمی گڕەیەک تێمان بئاڵێت
ژیلەمۆی خەفەبووی بن خۆڵەمێشی دڵمان...
تەڕ بکاتەوە،
بە تەڕیی بگەشێتەوە!!

تەمووزی ٢٠٠٥
کۆلن

# سەفەرە ڕەنگەکانی خەیاڵ

چەند هەست بە گەرمی
دەستەکانی (دڵنیایی) ئەکەم...
کە (خەیاڵ) لە پاڵمەوە ڕائەوەستێت،
وای لە میهرەبانییەکەی،
هەموو ئەو شەقامانەم ئەگێڕێت
کە مەیلی پیاسەیەکیان بڕستی لێ بڕیوم،
چەند ئاسوودەیی لێمەوە نزیکە ...
کە خەیاڵ قۆڵ ئەکات بە قۆڵما و
سنوورێک ناهێڵێتە بۆ من و
(حەرام)ە چاو هەنگوینییەکان
من هەمیشە مۆم دائەگیرسێنم......
بۆ ئەوەی خەیاڵماڵەکەم بزر نەکات
بەڕیز مۆمەکان پێ ئەکەم
هەر لەسیلەی کۆڵانەکانی سەرمەوە
هەتا بەر قاپییەکەی دڵم،
کە دێت، ئیتر ...

به شوێن خۆیا کێشم ئەکات
منیش خۆم شل .. شل ئەکەم و
ترپەکانی دڵم ئەنێمە نێو مشتی
ساتیٚ، بەم خوێنە ساردەوە
ئەمخاتە بەهەشتی باوەشی کچێکەوە و
ساتێکی تر، کچێک بە قوڵپێک خوێنی گەرمەوە
دێنێتە کۆلێتی پڕ شەختەی دەروونمەوە؛
(خەیاڵ) زۆر سەخی تەبیعەت ...
فێری هەموو شتێکم ئەکات
(کوشتن) نەبێت،
لەسەر هەموو شتێک ڕامدێنێت
(خیانەت) نەبێت،
(خەیاڵ) فێرم ئەکات
لە جیاتی ئەوەی خونچەیەک ...
لە باوەشی سپێدەیەکا توورەکەم
بچم نوکتەیەکی شیرین
بۆ خۆشەویستەکەم بگێڕمەوە؛
ڕێنمایی ئەوەم ئەکات
پێخەفی تەزیوی هەموو ئەو قەیرە کچانە ...
لە نێڵە نێڵی شەهوەتێکا گەرم بکەمەوە
کە شەوان مۆمی حەسرەتی کوڕێک شک نابەن
ئازارەکانی خۆیانی لەبەرا بنووسنەوە،
ئەو بێوە ژنانەی...

تەنافی پیاوێک نادۆزنەوە
ئارەقەی ئاهێکی ماندوویانی لەسەر هەڵخەن؛
منی ترسنۆک، (خەیاڵ) نەبێت
بە زەحمەت سێرەی تفەنگم بۆ ئەخرێتە...
سەر تەوێڵی (حەرامەکان)،
(خەیاڵ) جەربەزەیی خۆیم تیا شین نەکات
گرانە بە قەڵەمبازێک بگەمە ....
قەڵا سەختەکانی لەزەت؛
(خەیاڵ) هەموو ڕۆژانی جومعەیەک
تاجە گوڵینەیەکم ئەداتە دەست،
پێش خۆیم ئەدات و
ئەمباتە گۆڕستانی ئەو کیژۆڵانەی
نەشتەری غەدرێک ...
هەناوی کردن بە ئاو و
نەیهێشت فریای گۆڕینەوەی ئەو نامانە بکەون
کە تەڕ .. تەڕ بوون بە نهێنییەکانی هەرزەی
ئەمبات ئەو سەردابانەم بەڵەد ئەکات....
تاریک ئەچنەوە لە خەمی ئەو دایکانەدا
کە چاوەڕێی بۆنکردنی
کراسیی خوێناوی کوڕەکانیانن؛
بۆ کوێی بوێت
بە ئیشارەتی پەنجەیەک بانگم ئەکات
ئیتر من لەترێک ئەدەم و لەوێم

لەوێم، لە لای ئەو کانیاوەی
نەیانهێشت بە کامی دڵ بڕژێت،
لەلای ئەو باڵدارە غەمگینەی
لێ نەگەڕان ئێوارانێ...
ئاسمانێکی تەنیا،
بە نەغمەیەک ئاوەدان بکاتەوە؛
(خەیاڵ)، لێی بەم و لێی نەیەم هەر ئەمبات
ئەو، جمکی خۆی دیوەتەوە،
هەردووکمان یەک ڕەنگ کراس و
یەک پانتۆڵ و
یەک بۆینباخیش ئەبەستین
وەکو یەکیش بزەڵە و
هێندەی یەکیش سەرکێش و
وەکو یەکیش نازانین سرەوتن بەری کامە درەختە
من و (خەیاڵ) لە یەک شتا لە یەک ناچین،
من لەسەر سەرینەکەی ئەو نەبێت ...
کرم ئەداتە خەونەکانم
بەڵام ئەو، هەر ساتە، باسکێک و
هەر شەوە و سەرینێک ئەناسێت؛
سەیرە، دڵم لەو عاشقە خائینە ناڕەنجێت
گەرچی ئەو عاشقە نەگریسە ....
سەرێکی هەیە و ٠٠هەزار سەودا،
دوو چاوی هەیە و دنیایەک (تەماشا)

دڵێک شک ئەبات و هێلینی هەموو کەون! !!
کەچی دڵم، لەو عاشقە غەددارە پیس نابێت،
نایبووغزێنم ! !

مارتی ٢٠٠٥
کۆلن


ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن

# ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن

هیچ ئەسەرێکت نییە،
فریای بینینی ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەوێت
پێ ڕاناگەیت ئەو خوێنە ببینیت،
ئەو خوێنەی لە ئارام گرتندا پیس بووە
چۆن لە برینەکانمەوە
بە زەردەخەنەوە هەڵپەی جێهێشتنم ئەکات
بمبەخشە تۆ خۆت دواکەوتیت
دەنا من دەمێکە ئەڵێم
ئێوارەیەک لە نێو حەوشەی ماڵەکەمدا
ڕێک بەرامبەر خۆرئاوابوون ...
خوێنێک ئەڕێژم لە ڕەنگی یاقووت،
شیعرەکانم لەسەر یەک سەفتە ئەکەم و
پێیان ئەڵێم ئەگەر ئازان
بەم تەڵە شقارتەیە بوێرن،
گەر بە جەرگن مەهێڵن ئەو گوللەیە ....

له دەمی دەمانچەکەمەوە دەرچێت،
ئەگەر شەرەفتان تیاماوە ....
ئەم ساتی خۆکوشتنەم بنووسنەوە؛
خەتای خۆت بوو چاوەکەم
زۆر درەنگ کەوتیت؛
ئەمە ئەو ساتەیە ...
جارێ تر دووبارە نابێتەوە
ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە ...
وەکو قیامەت یەک جار ڕوو ئەدات
ئەو خوێن بەربوونەیە
هیچ دەمارێک بە خۆیەوە نەیبینیوە؛
لەم خۆرنشینەدا
لەگەڵ نەهاتنی تۆدا
لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمەماڵەکەم
لەگەڵ دیار نەبوونی تۆدا
لەرزینی گوللەیەک گەرم ئەکەمەوە و
ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ
چەقۆیەک سوور..سوور ئەکەم و
ئەویش ئەمکات بە زەعفەران
دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە ...
تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم
بەڵام دەرۆستی غیرەتم نایەت
لەمێژە چاوێکم خەم ساردانە ئەنوێت و

چاوەکەی ترم ئێشکی هاتنی
خوێن ڕێژەکەی خۆم ئەگرێت،
دەستێکم سست ئەبێت و
دەستەکەی ترم ....
بە چەقۆوە ئەگەڕێت،
شیعرێکم مات ئەبێت و
شیعرێکم مل لە مردن ئەسوێت
دیار نەبوویت، من ئیتر ناتوانم ....
لەزەتی خۆکوشتن دوا بخەم
ئیدی من نامەوێت
خۆم لە میوەی بەهەشتیی ...
ئەم مردنە بێبەش بکەم
دواکەوتیت،
ئۆبالْت بە ئەستۆی بێ مەیلیت
ئەم مەرگە یەک جارە و
ئەم خوێنە یەک خوێنە و
ئەم ئاهەنگی خۆکوشتنە
هەر ئەم ئێوارەیە ساز ئەکرێت
نەهاتیت،
ئەم خوێن بەربوونەی شیعرت لەکیس چوو
نەهاتیت، سەرکزی شاعیرێک نابینیت ....
لەبەردەم هەیبەتی مردنا؛
دەرنەکەوتیت و

من ئیتر بەبێ تۆ
بۆ (عەدەم) هەڵئەچم
ئێستاکە نایابترین کاتە ....
بۆ ئەم خۆکوشتنەم
نارنجیترین ئێوارەیە...
باڵ دەرکەم بۆ هەڵوەرین
لێم مەگرە، کە گەیشتیت و
بە چیمەنی حەوشەکەوە
مشتێک خۆڵەمێشی ساردت بینی
کە هاتیت و
پیاوێکت دۆزییەوە لە داڕزان
ناتوانم چاوەڕێت بکەم،
ئای کەسەکەم چەند بە تامبوو ...
ئەم ئێوارەیەم ئاڵتر کەیت
تاکو جوانتر خۆم بکوژم!

نیسانی ٢٠٠٥
کۆلن

# خودایە، بمبەخشەرەوە بە لافاو

پەنایەک نەما بۆ پرسیار
بۆیە خێرا دەستم دانێ ...
تا بە قەدەر پاشماوەی ئاهێکی کوژراوم ....
لە کەشتییە ماندووەکەدا پێ ببەخشن
هێندەی چاوی چۆلەکەیەک
ئاسوودەییم پێ ڕەوا ببینن؛.
خودا، خۆی خستبوویە دڵیان ....
ڕێنەدەن ئاگری قوورەتی لافاو
لە نێڵە نێڵی خۆیم هەڵکێشێت؛
سوپاس خودای (نوح) و
خودای (ئینس و جینس)
نەتهێشت زەقنەبووتی مەرگێک بچێت بە گەروما
کە نەمئەزانی کێن ئەوانەی لەگەڵما
چارۆکەی ئەو سەفەرەیان تێکناوە و
چاوەڕێی ونبوونێک ئەکەن ....
مەگەر هەر خۆت پێ بزانیت

ئەوسەری ئەگاتەوە کوێ!
سوپاس خودای بێ خودا، بەڵام
ڕوو گرژ مەکە لە سەرچڵیم
پرسیارێکم هەیە هێندەی دەنکە جۆیەک:
- تۆ چۆن دڵت هێنای خودایە...
ئەو مەخلووقە سەیرانەی خۆت...
بدەیتە دەست چارەنووسێکی وا دزێو؟
چ حەوسەڵەیەکت هەبوو...
توانیت لەو بانی سەرەوە....
بێ خەم، سەیری داچڵەکانی مەلۆتکەی زریکە و
هەڵوەرینی چرۆ ناسکەکانی گریان و
وشکبوونەوەی شەونمی پاڕانەوەکان بکەیت؟ !!!
ئەی خودایە، تۆ (ارحم الراحمین)یت
لەم بەندە سەرکێشەت خۆش بە، کە ئەڵێت:
گەورەیی تۆ لەوەدایە...
بە سەرسەختیمان نیگەران نەبیت
ڕێمان بدەیت ....
هەموو ئەو کتێبانەت موتاڵا بکەین
کە بەدزیی ئێمەوە نووسیوتن،
لێمان گەڕێیت
خۆرکەی ئەو هەموو پرسیارە...
جەرگمان دانەڕزێنێت؛
من نەمدیوە پەڕەسێلکەیەکیش

حەز بە هەڵقرچانی جەرگی بکات،
ئەی تۆ ئەم دڵەت لە کوێ هێناوە خودایە
بە دەستی خۆت ....
ئەو هەموو ڕۆحە وەنەوشەییەت
دایە دەست فەوتبوون!
خودایە تۆ وا ئەزانیت....
کەشتییەکەت پڕ بوو لە (ئەولادی ساڵح)؟
چەمەکان مۆسیقای ئارامیی خووڕەیان تێکەوتەوە؟
باخچەکان سەرتاسەر لە خونچەدا مۆر ئەچنەوە؟
جەنگەڵەکان پاکبوونەتەوە لە ئاژەڵی دڕندە؟
ئاسمان خاڵی بوو لە باڵندەی چاوچنۆک؟
زەمین، ئیماندارەکان ئاوەدانیان کردەوە؟
نا، خودایە، نا، (یا رب العالمین)،
چاو، کە تا بینایی هەتەر ئەکات..
هەر کاسەسەری بەندە بێ گوناهەکانتە و
بەسەر نێزەی تاوانبارانەوە ئەشەکێنەوە،
دەریایەک نابینیت ....
بە شینی گۆرانییەکانی تەواو کات،
هەر گوڵستانە و هەڵوەرین قۆرغی کردووە،
کەروێشکێک نادۆزیتەوە ...
کەڵبەی تانجییەکان نەگەیشتبنە پاشەڵی،
هەر باڵندەی لانەوازە و
بە چنگی تیژی داڵە بێ مروەتەکانەوە ....

له قەدەرە زەردەکانی خۆیان ڕائەمێنن
میحرابەکان تێک و پێک چوون
له ژێر پێی (مولحید)ەکانا،
ئێی خودایە تۆ ئاوڕێک بدەرەوە،
له هەر تاوانبارە و جووتێک
له هەر ساختەباز و جووتێک
له هەر خوێنخۆرێک و جووتێک
له هەر جادووگەرە و جووتێک
له هەر خائینێک و جووتێک
له هەر عاشق کوژە و جووتێک ...
ڕژاونەتە کەشتییەکەوە،
خودایە لەم بەندە ڕووڕەشەت خۆش بە ...
کە لەسواربوونی کەشتییەکەت پەشیمانە
چاوی دۆزەخم لێ سوور مەکەرەوە
من لێرە سەد جاران ...
خۆڵەمێشەکەشم (با) بردوویەتی،
ئیدی کاتی وام نەماوە بۆ ترس؛
ئەمە کەشتیی بوو خودایە ...
یان بەڵای ناگەهان!؟
ئەم بەندە لاسارەت ببەخشە قوربان،
کەحەز لە خنکانی خۆی ئەکات ...
نەک سەر پشتی کەشتییەکەت؛
خودایە بۆ خاتری میهرەبانییەکەت

تو خۆشەویستی چل و چوار هەزار پێغەمبەر
ئەمر بفەرموو لافاوێکی تر تەشریف بێنێت
نە، خۆم ئەدەمە دەست کەس و
نە، ڕوو لە لرفە لرفی شەپۆلەکانی وەرئەگێڕم
خودایە کەرەمم کە،
تو گەورەیی خۆت فرێمدە،
بۆگەنی نێو ئەم کەشتییە کوشتمی
تووڕمدە، (یا رحمن و یا رحیم)
بمدەرەوە دەست پاکیزەیی ئاو،
بمخەرەوە بەر سەرشێتییەکانی شەپۆل،
تا دەستت ئەگات فرێمدە،
بمبەخشەرەوە بە لافاو
(یا ارحم الراحمین) ...
ئەمە دوا لوتفی تۆیە بۆم! !

نیسانی٢٠٠٥
کۆلن


گۆڕستانێکی ئازاد!

# گوڕستانێکی ئازاد!

به خاتری خۆمان نییه ....
سەرانسەر جیهانمان پڕ کردووه له دوکەڵی ئاشووب
سەوداسەری خۆشگوزەرانی خۆمان نین، ئێمەی پیاو،
که دەریاکان به خوێن وشک ئەکەین و
دەشت و دەریش خەڵتانی سووتان؛
میهرەبانیمان بۆ (تۆ)، وەها شپرزەی کردووین
ڕاست و چەپی خۆمان ونکردووه، ئەی ژن! !!!
پەل ئەهاوین، ....
تا هێزمان تیا بێت دەستبەرداری تفەنگەکان نابین و
چاوی تەماعمان دوورترین زەمین ئەبینێت
بەشەڕ دێین،
ئەکشێینەوه و
خۆمان بۆ هەڵمەتێکی دی تەیار ئەکەین؛ .
تۆ قولانجێک زەویت بووێ، ئارامی تیا داڵده بدەیت،
بستۆکەیەک، خەونەکانتی به وەنەوشه تیا ڕەنگ بکەیت،
ماڵێک بانیژەیەکی هەبێت بۆ پشوو؛
ئێمه وڵاتێکت پێ ئەبەخشین، بۆ زەلیلی،

ئۆقیانووسێکت بە دیاری ئەدەینێ، بۆ نغرۆبوونی ئومێدەکانت،
کیشوەرێکیش لە پشکۆ لەبەر پێکانتا ڕائەخەین!!!
تۆ، تا دەستت بگات شمشێرەکان تووڕ ئەدەیت
ئێمە، تا بۆمان بکرێت ......
چەقۆکان دەمەزەرد ئەکەینەوە
تۆ، بەیانیان، خۆت بە ئاودانی شەتڵەکانی ....
ئەوینەوە خەریک ئەکەیت
ئێمە، لەولاوە، ئاو لە دێراوەکانی موحیببەت ئەبڕین؛
تۆ، کە دێیت، ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس لەمیهر ئەکەیتە پەنجەمان
ئێمە، کە ئەڕۆین، ڕۆحێکی شێواو و ناشرینت لا جێ دێڵین! !
ئەی ژن، گوناهە، ....
چیتر، بۆ میوەی درەختی هیچ خۆزگەیەک دەست بگریتەوە
کە ئێمەی پیاو بتوانین هێندە سەخیی تەبیعەت بین ....
هەموو کەونت بۆ بکەین بە گۆڕستانێکی ئازاد! !!!

ئاب و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧
کۆلن

# ئەوبەڕی گومان

گۆڕستانێکم بە قاقای پێکەنین هەراسانکردووە
حەشاماتێکیش بە مەرگی خۆم، نیگەران؛
دایکم بە دووچاوی کزەوە
بە زەحمەت گۆڕەکەم ئەدۆزێتەوە و
بەدەم شین و واوەیلاوە.....
لە خودا ئەپاڕێتەوە لە گوناهەکانم خۆش بێت؛
من، هەر قا..قا پێ ئەکەنم،
ژنەکەم دێت، دەستی (زەنوێر)ی گرتووە و
ئەڵێت، کوڕم تۆ دڵت لە پەموو سپی ترە و دوعات گیرایە
نزایەک بۆ بابە بکە، با خودا
بیبەخشێت بە میهرەبانی خۆی؛
من قاقای پێکەنینەکەم ئەگاتە ئەو سەری گۆڕستانەکە؛
خوشکەکانم لە دووری گۆڕەکەمەوە
بە دەم خۆ ڕنینەوە دێن و
خۆیان ئەدەن بەسەر گڵ و خۆڵی مەزارەکەمدا و
بە دەم قوڵپی گریانەوە بە خودا ئەڵێن
براکەمان عەبدی خۆت بوو
دەرگای ڕەحمەتی لێ پێوە مەدە؛

من، مردووی سەد ساڵەی بەپڕمەی پێکەنینم
لە خەو بە ئاگا دێنمەوە؛
براکانم هێمنتر دەرئەکەون و بە غەمگینی
فاتیحایەک دائەدەن و
بە خودا ئەڵێن لێم خۆش بێت؛
وەک تازەترین نوکتەیان بۆ گێڕابمەوە
من ئەوەندە پێ ئەکەنم ....
هاوڕێ مردووەکانم بە شێتم تێئەگەن؛
برادەرە ئازیزەکانم دێن،
هاوڕێکانممممممممممممممممممم،
ئەو هاوڕێیانەی بە دزییەوە .....
حەزمان لە خۆشەویستەکانی یەکتر ئەکرد،
ئەو برادەرانەی شەوانە بە هەموومان مەزەیەکمان بانگ ئەکرد و
بە مەستی تێر تێر ئەگریاین،
ڕۆژانەش پێکەوە خەریکی دزینی ئەو کتێبانە بووین
کە فێری کلۆڵی و نەهامەتییان ئەکردین،
دێن و سەرخۆشی لە کەسوکار و ژنەکەم ئەکەن و
دەست دێنن بەسەر کوڕەکەمدا و پێی ئەڵێن
بابە، ئێستاکە وا لە بەهەشتە
تۆ ئاقڵیت و جێگەی ئەو ئەگریتەوە،
تۆ ئازایت و پێشی ئەویش ئەدەیتەوە،
من ئەوەندە بە کوڵ پێ ئەکەنم ....
وەختە لە مەملەکەتی مردووەکانم وەدەرنێن،

دێن، دێن، دێن،
ئەوەی ڕۆژێک چایەکم بۆ کڕیبێت و جگەرەیەکم دابێتێ،
ئەوەی جارێک پیاسەیەکی لەگەڵ کردبم و
نیوەڕۆیەک سەموونێکی وشکی بۆ کڕیبم
دێت و دوعای ئەوەم بۆ ئەکات
لە عەزابی جەهەننەم دووربم؛
منیش لە پێکەنینا ئەتاسێم،
بەو جنێوە تەڕانە ئەتریقێمەوە
کە ئەو هەموو ئازیزانەم،
ئاوڕشێنی گڵکۆ وشکەکەمیان پێکرد،
ئێی گەلی برادەر و خزمینە
خەتاتان کرد، نوقمی ئەو هەموو گوناهەتان کردم
بە نابەڵەدی خۆتان ...
لە قوڕی تاوانتان هەڵکێشام
من چیم کردبوو، چی،
وا خوداتان لێ خستمە گومانەوە؟ !!!!!!

ئابی٢٠٠٦
کۆلن

# بەر لە وادەی....

پێش ئەوەی پاییزمان خۆش بووێت
با، بیر لە مردنی گەڵاکان بکەینەوە
بچینە لای ئەو درەختانەی ...
هەموو دەم بوخچەیەکیان لە بن دەستە ...
پڕە لە کراسی تازییە باریی؛
گەر ناکرێک وێنەی خەزان
لەسووچی سەرەوەی دڵماندا هەڵنەواسین
چ نەبێت لەبەر دڵی دارستان...
با، ستایشی نەکەین،
بەخاتری هێلانەی باڵندەکان
بینیینی عەورەتی.....
لق و چڵەکانمان پێخۆش نەبێت؛
ئێستاکە کاتی سڕینی ...
هەڵمی سەر کریستاڵەکانی چاومانە
بۆ ئەوەی قەشەنگی دەریا ....
لە شەپۆلەکانیا نەبینین
چونکە کەشتییەکان لە سەفەردان؛
میهرەبانی ئاسمان....
لە هاتنەخوارەوەی کلوە بەفرا چاو نەکەین،
دەست هەیە بێ گیرفان و

ڕۆح هەیە سەرما بردەڵە؛
ئەوەندە بە خۆنواندنی هەتاو شادمان نەبین
گیان هەیە بێ سێبەر،
دڵ زۆرە بێ کەپر

***

چەند جوانە بیر لە پشیلە بکەینەوە
بەرلەوەی بە خواردنی کۆترەکان تاوانباری بکەین
حیکمەتی خۆی هەیە، لەسەر دەنکە گەنمێک...
شارە مێروولەیەک نەسووتێنین ؛
بۆ دزینی شیلەکانیان ...
هەنگەکان سەرگەردان نەکەین؛
بە قسەی (حەمە عومەر عوسمان)* بکەین و
بۆ ساتێک گەرمبوونەوە ...
گڕ لە گەڵا نامورادەکان بەر نەدەین؛
چەند حیکمەتێکی گەورەیە
لەم دیو تەلبەندەکانەوە ...
بە پڵنگەکانی باخچەی ئاژەڵان پێنەکەنین؛
فرسەت لە برسێتیی ماسییەکان نەهێنین و
خیانەت لە دڵسافییان نەکەین؛
لە داخی دڕکەکانی...
ڕق لە تووترک هەڵنەگرین؛

تەنها لە عیشقی گوڵاو ....
گوڵجاڕمان لا شیرین نەبێت؛
هەر بۆ دیتنی جوانییش ....
نەڕوانینە ئاوێنە شاراوەکانی ناخمان،
چەند حیکمەتێکی جوانە،
لە برسێتی ڕیشۆڵە تێبگەین...
بەر لەوەی گیرۆدەی داوی بکەین؛
لوورەی گورگ و
قروسکەی سەگ و
گیزە گیزی باڵی زەردەواڵە بخوێنینەوە
تا شەرم لە ئازاردانی بێچووەکانیان بکەین؛
دواجار، چەند هۆشمەندییە.....
هەست بە میهرەبانی پێڵاوەکانمان بکەین...
پێش ئەوەی فەرامۆشیان بکەین،
بەر لەوەی دوور..دوور تووڕیان بدەین! !

❊❊❊

تشرینی دووەمی ٢٠٠٥
ئەڵمانیا / کۆلن

* هاوڕێی شاعیرم (محەممەد عومەر عوسمان) لە بە شێک لە شیعری لە غوربەتا ئەڵێ:

ڕۆژێکی پاییز.. مەست بووم ..ئەلەرزیم..
لەناو باخێکا نوقمی خەزان بوو
هاوڕێیەک کۆشێ، گەڵای داگیرسان..
گڕی گەڵای زەرد بۆ تینی گیان بوو
لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە..
وتم .. تۆ چیت کرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟
ئەو کۆچی کرد و تۆش چاویت سوتان..
بۆ گڕ بەر ئەدەی لە گەڵای پاییز؟

# خۆمێک کە لە هیچ ناچێت!

لە نێو دار پرتەقاڵە بۆن خۆشەکانی بەهەشتا،
لە ژێر پۆپەشمینی ئاڵی خەیاڵێکا
پەلیان دایە پەلم و
سەرسام .. سەرسام، هێنامیانە بەردەمی (خۆم)،
گەلۆ، لە شەرما ئارەق لە هەنگاوم ئەتکا و
فرمێسک لە حاڵی نا حاڵم ،
ئەوە، ئەو ڕۆژە بوو
بە دڵ تەمەنام ئەکرد .....
ڕۆژمێرەکان وەک تەپوتۆز لە خۆیانی بتەکێنن،
ترسنۆکی قەڵەمی ئەژنۆی شکاندبووم
نەمکرد بەر لەوەی بمبەنە لای (خۆم)
فرسەت بێنم و
بەرەو مەنجەنیقەکانی دۆزەخ هەڵبێم،
گەلۆ، چ شەرمەزارییەک بوو! !
چاوشۆڕ .. چاوشۆڕ ،
لە ژێر چەتری دڕاوی تاوانەکانما
بۆ بیانوویەک ئەگەڕام
ڕۆحی خووساوم وشک کاتەوە،
ئەمویست بڵێم ، من لەبەر خاوێنییم .....
سێبەری ئەو بن دارانەیان پێ ڕەوا نەبینیوم،

ئەیانویست لەوێش تەنیا بم.......
لەو زەمینە پڕ غەوارەیەی بەهەشتا

***

(خۆم)ی بەد فەساڵ لێمگەڕێ،
پەنجەکانت بە قامچی هەڕەشەکردن شەکەت مەکە،
بەبێ، شیشە سوورەوەکراوەکانی دۆزەخیش ....
دان بە هەموو یاخیبوون و
خیانەت و
تەنانەت گەمژەییەکانیشمدا ئەنێم؛
ئارام بەرەوە،
خۆ تۆ یەکەم کەس نیت ....
گەنجینەی نهێنییەکانمت
بە ڕۆژی نیوەڕۆ تاڵان کردبێت؛
ئەو شۆڕەژنەی لە باوەشیا ....
کردمی بە (شا)ی زەمان و
کردمییە زارۆیەکی بەرمەمکانە و
کردمییەوە بە سفر،
لە تۆ شارەزاتر، حەرفە تاریکەکانم ئەخوێنێتەوە!؟
هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانم .....
پارچەی شکاوی بیرکردنەوەیەکم نییە .....
لایان چنگ نەکەوێت!؟

له چیم ئه‌پرسیته‌وه؟
ئه‌ی (خۆم)ێک .....
که له هه‌موو بوونه‌وه‌رێک تاوانبارتریت و
نامه‌ی ئه‌عمالت ئه‌وه‌نده پاک نییه .....
به پرسیار ته‌خت و تاراجم تێک بده‌یت،
با خۆمان له یه‌ک غه‌شیم نه‌که‌ین
ده‌نا، نه، من له هیچ جێیه‌ک ......
بستێک زه‌وی ئه‌بینمه‌وه
پێی حه‌وانه‌وه‌ی لێدانێم،
نه، تۆش ئه‌توانیت له سێبه‌ری خۆت حاڵیی بیت
له مێژه من جێم هێشتوویت، ئه‌ی (خۆم)؛
ئه‌و نیوه‌ڕۆیه خۆمم لێ دزییته‌وه .....
که له وێستگه‌ی قه‌ره‌باڵغی شه‌مه‌نه‌فه‌رێکا
دوعا خوازییم له پارچه‌یه‌کی ڕۆحم کرد و
دڵیشم نه‌یده‌هێنا جێی بێڵم،
ئه‌و ساته فه‌رامۆشم کردیت .....
که نه‌تویست له خه‌تاکانی ئافره‌تێک خۆش بیت
به‌ر له‌وه‌ی ده‌رگا و په‌نجه‌ره‌ی .....
خانه خه‌راباته‌که‌تی بۆ بخه‌یته سه‌ر پشت
بڕیاری دابوو .....
به‌هه‌موو نابووتییه‌کته‌وه له‌لای خۆی گلت باته‌وه ؛
ئه‌و ده‌مه فه‌رامۆشم کردیت
که ویستت خۆت له گه‌مه‌کانی منداڵی لالووت بکه‌یت و

به پەیژەی ڕزیوی تەمەنا هەڵگەڕێیت؛
ئەی (خۆم) ی لە هیچ نەچوو
ئیدی چۆن پڕکێشی ئەوە ئەکەیت ....
بمخەیتە بەر کرێوەی سەرزەنشت و
دەستە خوێناوییەکەت ......
بە یەخەی کراسە سپییەکەم بسڕیت! !؟

کانونی دووەمی ٢٠٠٧
کۆلن

# خوێنی پیاو...

پیاوێک بەبێ چەک چووە جەنگەوە
پیاوێک بە پێی پەتی ڕوویکردە مەیدان
سەرەتابوو، هێشتا سەرەتای ...
بروسکەی شمشێر ڕاکێشان بوو
پیاوەکە بوو بە ڕەنگێکی ڕژاو
ڕەنگێکی کاڵ بەسەر گاشە بەردێکەوە
ئەو پیاوە بە دەستی بەتاڵ
ئەیویست شەڕی هەموو شکستەکانی خۆی بکات
ئەو عاشقە دڵی خۆی هەڵگرت و
لە یەکەمین پێکەنینی کچێکا
لێی کەوتە بەر پێیەکانی ....
ئیتر هەڵی نەگرتەوە ،
ئەو پیاوە وایزانی
لە بیابانی وەڕسیدا
جۆگەلەیەک ڕژاوەتە
هەناسە وشک و برنگەکانییەوە؛
ئەو پیاوە ڕقی لە ماتماتیکە و
نەیزانی خۆشی بووەتە ژمارەیەک....
لەو ژمارە خنکاوانەی

سەرابێ لای خۆی تۆماری کردوون
ئەو عاشقە تا سەرئێسقان
لە (ماڵئاوایی) بێزارە و
کەچی ژوورەکەی پڕ پڕە لەو دەستانەی
بەر لە گوشین، دووعاخوازیی خۆیان ئەکەن
ئەو پیاوە کچی نازدارترین شیعر و
لە مەستیی شەرابدا مەمکی کرد ....
بەڵام خۆی ڕژا
پێکێک بوو هەر بە لێوی عیشق خۆیەوە
هەپروون بە هەپروون بوو
ئەم پیاوە وا ڕاهاتووە
هەموو ئێوارەیەک بچێتەوە
سەر ئەو شوێنەی تیایدا کوژرا و
لەوێ لە ژێر لێوەوە شیعر بخوێنێتەوە
لەوێ هەموو ئەو پیاوانەش کۆبکاتەوە
کە بەسنگی ڕووتەوە
چوونە شەڕی بێ ئامانی....
بەفری پەمەیی عیشقەوە و
ڕەق بوونەوە،
پێیان بڵێ نانی شوانمان خواردبوو،
دەنا ئێمە کەی ئەو گوڵدانە بووین
بتوانین نازی چڵە نێرگزێ هەڵگرین!
کەی ئەو سێبەرە خەستە بووین

گڕەی عیشقێکمان پێ فێنک ببێتەوە!
ئێمە خۆمان هەڵخەڵەتان
دەنا ڕۆژی تەڵخی ئێمە لە کوێ و
ئەستێرەی ماچەکان لە کوێ!
شەوە ئەنگوستە چاوەکانی ئێمە لە کوێ و
چراکانی موحیببەت لە کوێ!
ڕابووردین، بەبێ دەنگی گوزەرمان کرد
ئێمەی پاڵەوانی دۆڕاو
ئێمەی جەنگاوەری لەرزۆک
ئێمەی ئالوودەی چۆڕێ سۆز
وەک دووکەڵ پەرش بووینەوە،
وەکو قاقایەکی درۆ
کەسێ گوێمان لێ ڕاناگرێت،
وەکو دەنکە هەنارێکی وەریو
لە ژێر پێیەکدا ئەمرین و
دڵۆپێ خوێن بەجێ دێڵین
تەنها دڵۆپێ خوێنی ڕەش،
دڵۆپێ خوێن، بۆ پێکەنیییییییییییییییین! !!!!!!

٢٠٠٥/٣/٣١
کۆلن



هەمموو شتێک، (دوعا)*

# هەموو شتێک، (دوعا)*

باخچەی (دوعا)،
بۆ حەسانەوەی دڵی شەکەتی عاشقان
پێشانگای (دوعا)
بۆ کڕین و فرۆشتنی گەردانەی ئازار و
یاقووتی خۆشەویستی،
شەقامی (دوعا)
بۆ پیاسەی دەمە و عەسرانی کیژۆڵە لیمۆ ڕەنگەکان،
قوتابخانەی شەوانی (دوعا)
بۆ قەیرە کچانی لانەواز،
فولکەی (دوعا)
بۆ پێچکردنەوەی ماشێنەکانی جەهالەت بۆ دواوە،
قاوەخانەی (دوعا)
بۆ گۆڕینەوەی هەناسەی سەرکزیی هەرزەکاران،
ئارایشتگای (دوعا)
بۆ ڕێکخستن وجوانترکردنی لێوەکانی ماچکردن،
بەرگدروویی (دوعا)
بۆ دوورینی کراسی تەنکیی موحیببەت،
کتێبخانەی گشتیی (دوعا)
بۆ موتاڵاکردنی بیرەوەریی عاشقانی ناموراد،

تیپی مۆسیقای (دوعا)
بۆ ژەنینی ئاوازە شار بەدەر کراوەکان،
تیپی شانۆیی (دوعا)
بۆ نمایشکردنی دەقە نەفرەتییەکان،
ئاسمانی (دوعا)
بۆ بارینی بەفری چاو بە سورمە و
بارانی دەم بە پێکەنین،
دەریای (دوعا)
بۆ مەلەکردنی مەحشەری هەموو ماسییەکان
جیهانی (دوعا)
بۆ داڵدەدانی هەموو ئەو حەسرەتانەی
بەرد .. بەرد .. بەرد .. بەرد
بە بەرچاوی خوداوەندەوە، گوڵدانی ....
ڕوانینی ورد و خاشکردن! !

مایسی ٢٠٠٧
کۆلن

* دوعا، ئەو کیژۆڵە یەزیدییە ١٧ ساڵانەیە بوو، کە نەیانێشت نوێژی عیشقی خۆی تەواو کات و بە سەدان ڕمووزن، تا گیان دەرچوونی، بە کەیفێکی سازەوە بەرد بارانینیان کرد . دوعا مرد بۆ ئەوەی فێری ڕق نەبێت! !!!

# دوعا

نوێژ ئەکەم  عیشق بباریێت،
نوێژ ئەکەم ماچ ڕێژنە بکات،
نوێژ ئەکەم خوا غەزەب لە پۆشتەییمان بگرێت ....
بۆ ئەوەی ڕووت.. ڕووت بسووڕێینەوە،
نوێژ ئەکەم ئەم کەونە هەمووی لێک ئاڵێت،
نوێژ ئەکەم بە بەرچاوی  (حەرام)ەکەی ئەوانەوە ....
ڕەحەت بین،
نوێژ ئەکەم  (دوعا) ببێت بە یەکەم پێغەمبەری ژن

٢٠٠٨/٤/٢٨

# کەونێکی بێتام و ڕەنگ و بۆن

ئەبێت ئەو بیرەوەرییانە بنووسینەوە،
دەنا شتێک لەم کەونەدا نوقسان ئەبێت
وا چاکە بچینەوە سەر دیوارە باریکەکانی ...
مێرد منداڵییمان،
لەوێوە جارێکی تر .....
بەدزیی دایک و باوکمانەوە
سەیری حەوشەی....
ماڵە دراوسێکان بکەین و
دەستێکیش بخەینە ژێر بیجامە شۆڕەکانمان،
تەنافە پڕ ستیان و دەرپێکان ....
دەممان بکەن بە کانییەکی بەهارەی تازە تەقیو
گەر وێراشمان،
بۆ ڕووناک کردنەوەی ...
شەوی نووتەکی ئاهە پڕ حەسرەتەکانمان
یەک دوانێکیان لێ بدزین؛
ئەبێت بیرەوەرییەکان ...
لە سیپارە ڕزیوەکانی ژێرخانی دڵمان دەربێنین

دەنا ئەم کەونە بە لاسەنگی ئەمێنێتەوە،
با باسی ئەوە بکەین
چۆن، پاسارێکمان لە سیاسەتا بۆ خۆمان دۆزیبویەوەە
تا لەوێدا، هەم ببینە پاڵەوان و
هەم لە دەرفەتێکا سەتڵێک ئاوی سارد
بە ئاگردانی شەهوەتەکانمانا بکەین؛
ئەو بیرەوەرییانە ڕیزبەند بکەین
کە باس لەو ساتانە ئەکەن
بۆ ماچی خوشکی هاوڕێکانمان
پەڕ و باڵمان لێ ڕوابوو
کەچی ئەبوو پێیان بڵێن (دادە)،
با باسی کەین،
هیچ لەو ساتانە نەپەڕێنین
کە بە کچە قوتابییەکەی هاوڕێمان ئەوت
تەنوورەکەت بۆ وا کورتە؟
پانتۆڵی تەسک لە پێ مەکە،
مکیاجەکەت خەستە، بیسڕە،
ئەو قۆپچەیەی سنگت لەبیر چووە دایخەیت؛
کەچی، شەوێ، خۆمان وەک هار ....
پێوەی شەیتانی ئەبووین و
بەیانیش کە ئەمانبینی
لە شەرمانا پێمان ئەوت:
ئەزانیت ئەمشەو لە خەوما

من و تۆ خوشک و برا بووین!

***

دزێوە ئەم کەونە،
بەبێ خستنە بەر (با)ی
خەرمانی حیکایەتی ترسنۆکییەکانی ئێمە،
بێ تامە،
دوور لە شنە شنی ...
نەرمە گیای ڕازە جوانەکانمان،
بێ ڕەنگە،
بە ڕووتیی تیا نەسووڕێینەوە،
بێ بۆنە؛
کێ ئەوەندە چاپووکە
بێت، لە نووکەوە،
چیرۆکی درێژی کۆنە برینەکانی
بۆ نیوەڕۆکانی هەتاو بگێڕێتەوە ....
بۆ ئەوەی لە سێبەری ترسا کەڕوو نەکات؟!
لە سەربان، بە دەنگێکی بەرز
ڕاڤەی هەراسان بوونی خۆی...
بۆ مانگە شەو بکات
بۆ ئەوەی لە سەردابێکا
شارە مێرووولەی خەفەبوون ...

خانەکانی سەری بنکۆڵ نەکەن؛
دەی، من لە هەمووتان ترسنۆکتر،
لە هەمووتان شەرمنتر و
لە گشتان نیگەرانترم،
با لێ نەگەڕێین
گوڵی پەژموردەی ئارەزووە سەرکز و مەلوولەکان،
(وجود)مان لە خۆڵەمێشی زەلیلی هەڵکێشن
چاکترە بە کراسێکی ئاویی و
ڕووخسارێک لە ڕەنگی بەفرەوە
دان بە تاوانە بۆن بخووردییەکانا بنێین؛
ئێمە بێ گوناهترین تاوانبارین،
تاوانبارترین بێ گوناهههههههههههههههه! !!!!!!

حوزەیرانی ٢٠٠٥
ئەڵمانیا /کۆلن

# شێتبوونێک لە دەرگام ئەدات

نائومێدی ئەوەیە، ....
گۆرانییەک بیت و
ڕێبوارێک، تەنها لە ترسی بێدەنگی نێو گۆڕستانێک بیچڕێت؛
زەلیلی ئەوەیە، .....
دەستت نەچێتە خوێنی خۆت
کە، سوور بزانیت، .....
هەموو دەروازەکانی ڕەشەبات لێ کەوتوونەتە سەر پشت و
تۆش، دەست بەتاڵ!
بەدبەختی ئەوەیە، ....
بەمەستی لە دەرگای (یار) بدەیت و
نەویش عەیامێک بێت....
بێ ئەوەی ئەدرێسێک جێ بێڵێت
ئەسپی شێتی سەفەرێک فڕاندبێتی و
تۆش، بێ ئاگا؛
کەفتەکاری ئەوەیە، .....

هێلینی دڵ پڕ بێت لەباڵندەی سرکی (پرسیار) و
نەخواوەند و نەشەیتان و
نە، یار و ئەغیاریش.....
چنگێ گەنمی (وەڵام) یان بۆ ڕۆ نەکەن؛
نائومێد و زەلیلم، من،
بەدبەخت و کەفتەکارم، ئەز

***

بێلانەیی ئەوەیە،
نیشتیمانێکی پان و بەرینت هەبێت و
گۆشەیەکی خاوێن شک نەبەیت
دوو ڕکات نوێژی شەهیدی تیا دابەستیت!
دڵتەنگی ئەوەیە،
شەوێک لە ناکاو شیعر لە پڕووشە بکەوێت و
لۆکەی چ نەغمەیەکیش بە هاوارتەوە نەیەت
لایەک لە ڕۆحی سەرمابردووت داپۆشێت؛
نابەڵەدی ئەوەیە،
بۆ دۆزینەوەی (خۆت)، .....
پەنا بۆ گۆشە نسرمەکانی (دڵ) بەریت؛
خانە خەرابی ئەوەیە،
مەرگی گوڵێک هەراسانت بکات و
نەتوانیت لە پرسەکەشیدا ئامادە بیت؛

بێلانە و دڵ تەنگم، ئەز؛
نابەڵەد و خانە خەرابم، من

کانوونی دووەمی ٢٠٠٨
کۆلن

# لێک نەچوون

گەریلا؛ ...
گەڵا لە سەوزیدا،
گەواڵە هەور لە بەخشینداو
گوڵ ئەستێرە، لە شەوە بێ چراکاندا،
(ئۆردوگان)یش؛....
ئافات، لە وەرزی شینبوونا،
ئاگر، لە حەوشەی ماڵی ئاونگدا،
ئفلیجی، لەبەر پێی هەنگاودا؛
گەریلا؛...
گەردانەیەکی بە ورشە، لە ملی (قەندیل)دا و
گەرمایی، بۆ، هەناسەی کەسیرە بوو،
گوندێکی ئاوەدان، بۆ میوانداری ڕۆشنایی؛
(گوڵ)یش؛...
گوللەیەک بۆ شەهیدکردنی ئاوێنەکان و
گەماڵێک، بۆ گەمارۆدانی هەتاو و
گەنجینەیەک، پڕ لە کەڕوو

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧
کۆلن


گوناهەکانی دڵنیایی

# گوناهەکانی دڵنیایی

من لە ترسی مەرگ
لە کۆڵ ژیان نابمەوە
لە دڵڕەقی ژیانیشە،
ناوێرم دەست لە سنەوبەری عیشق بەردەم؛
جوانمەردی نییە پێکەنین،....
لە کاتێکدا پەنایەک شک نەبەین
فرمێسکەکانی تیا بشارینەوە،
من لە نامەردی ڕووناکییە ...
بۆ داڵدەی بێ ئۆقرەییم
خۆم ئەکەم بە ژێر کەپری ...
سایە ڕەشی شەوەکانا،
لە ترسی پیرییە...
بۆ پێڵاوەکانی مناڵیم ئەگەڕێم،
بۆ کراسەکانی هەرزەیم،
بۆ چاوبڕکێکانی لاوێتی؛
هەست بە وەرین ئەکەم
وەک ئەو ئەرخەوانەی ...
بە دەست بەردە فڕکێی مناڵانەوە زەلالەتێتی
وەک ئەو گەڵا زەردەی ...

ڕەشەبا ئازایەتی خۆی بەسەرا ئەنوێنێت
ماندووم چەشنی ئەو بێوەژنەی
نازانێت لە پێشا...
کام کراسی تەڕی مەینەتی بخاتە بەر هەتاو،
ئەو مەیموونەی لە قەفەزێکی ئاسندا
ئەبێت ئەو خەڵکە گەلحۆیە بخاتە پێکەنین،
ئەی (دڵنیایی) بگەرە هانام
وا (گومان) بە بەرسیلەیی ....
هێشوو بڕم ئەکات
وەرە فریام، بەختی بێڕەنگم بگرەوە
بزانە عیشق ئەمکوژێت، یان پیری!
لە شەوێکی پڕ شەرابدا ئەمرم،
یان لە تینوێتیدا ڕۆح تەسلیم ئەکەم!
ئەی (دڵنیایی)،
ئەوەندە کەللەپووت مەبە
لە سووچێکەوە چمکی کراسەکەتم بۆ دەرخە
خۆ ئێمە باوکی یەکترمان نەکوشتووە
نووکی ئەو چەقۆی (گومان)ە ....
لەبەر بینم دوور خەرەوە
تۆ، بۆ خۆت لە پەراێز ناوە ...
بۆ ڕاوکردنی چرکە ....
کەم تەمەنەکانی ئاسوودەییم؟
گوناهت ئەگات، گوناە

من تازە دەرەقەتی ...
لەشکری بێ شوومار ی (گومان) نایەم
ئەشکێم، وەک سوپایەکی بێ سەرکردە
ئەڕووخێم، وەک دیوارێکی داڕزاو
پەرش ئەبم، وەک خەرمانێکی بێ خاوەن
ئەژاکێم، وەکو گوڵی بەر ڕەشەبا،
بۆ جارێکیش بووە نەجابەتی خۆت بنوێنە
ئەوە ئازایەتی نییە ....
بچیت بەگژ مراوییەکی باڵشکاوا، ئەی (دڵنیایی)
من خۆم دان بەوەدا ئەنێم
هەر زوو ئەم زۆرانبازییە ئەدۆڕێنم
بازووی ئەوەم پێوە نییە
تا ئەبەد، شان لەگەڵ (گومان) گیر کەم؛
من هێندە بەرچاو تەنگ نیم
تەنها چەند ساتێکم ئەوێت،
ئەخوازم، (گومان) چاوێکم لێ غافڵ بکا و
فرسەتێک بێنم بۆ مردن،
یان دەرفەتێک بۆ ئاوەدانبوونەوە،
لەسەرشان لەو دەرگایەوە ئاودیو بم
کە هەتا ئێستا نەمدیوە ......
کەسێک درزێکی تێکات و
بڵێ: ڕۆژباش،
من لای (دڵنیایی)یەوە هاتووم

زۆر سڵاوی هەیە بۆت و
ئەڵێت ئەگەر کاتم هەبوو
دەمەو عەسرێک ئەگەمە لای،
بەرلەوەی دەستی بچێتە خۆی ....
سەرێکی خێرای لێ ئەدەم
پێشی بڵێ، با ئەوەندە پەلە نەکات
من هێشتاکە چەند فرسەخێک لێوەی دوورم،
یان پێمبڵێ: با، چارۆکەکەی بپێچێتەوە
ئەیهێنمە ماڵەکەی خۆم، چاو گەرمکات
ئەزانم ژەنگی کردووە،
ئەو شاعیرە خەریکە ئەبێت بە باران
بارانێک وشک.. وشک ڕەهێڵە ئەکات؛
کەس نییە وەهام پێ بڵێت،
کەس نییە، کەس

نیسانی ٢٠٠٥
کۆلن

# گەر لە هەق بێم و نەیەم ....

(ڕۆژێک دێت هەموو ئەو فێڵانە ئاشکرا ئەبن کە خودا لە ئینسانی کردوون)

زانیم ناهێڵیت ئەمشەویش بمرم
دڵنیابووم بە باڵی شکاوی تەیرێکیشا بێت
نامەیەک لە بن ژاڵەی حەوشەکەمدا جێ دێڵیت و
ڕیسی مەرگم لێ ئەکەیتەوە بە خووری،
بۆچی ژەنگی ئەو گوناهەت .....
لە ئێوارەی نارنجی ڕۆحی خۆت پرژاند، گیانە بۆ؟
کێ تەفرەی دایت، دەرفەتی ئەوەم پێ نەدەیت ...
ساتێک زووتر گوناهەکان قاو بدەم و
ئەو نهێنییە وشکانە لەبەر هەتاو هەڵخەم ...
کە دڵۆپ دڵۆپ شیلەی تاڵی درۆیان لێ ئەچۆڕێت،
ئەمە یەکەمین تاوانی تۆ بوو،
یەکەم تۆڵە بوو لە بەختەوەری منت کردەوە،
یەکەم پشکۆ بوو نات بە دەستێکەوە ....

که ویستی له مردنیا ....
غەدرەکانی خودا ئاشکرا بکات و
له (بوون)یشیدا فێڵەکان؛
نەتهێشت به مەرگی خۆی .....
بەو هەموو بەشەره پەژمووردەیه بڵێت
پێ ناچێت هاڕەکردنی ئاوێنەی ماڵەکەتان
وا زوو به ئاگاتان بێنێت،
نەتهێشت له مردنما پێیان بێڵم
ئاورێک لەو کانییانه بدەنەوه
بزانن چەند به لێڵی مشتیان لێ پڕکردوون،
ڕێت نەدام ئەمشەو....
گۆڕی مردووەکانیان هەڵتەکێنم،
شته پیرۆزەکانیان ....
وەک چەرمی پێڵاوێکی کۆن بڕووشێنم و
کێوی پووچی کەرامەتیان هەپروون.. هەپروون بکەم ....
تا، چ نەبێت ، موویەک له لەشیان ببزوێت؛
نەتهێشت به مردنم تەحەددای ژیانێک بکەم
که نایەوێت کچانی به ئاڵۆش هان بدەم
بەڕۆژی نیوەڕۆ.....
تەنوورەکانیان بێننه سەر ئەژنۆ و
به ڕەنگی ستیانەکانیان
لیک له دەمی تۆبەکارەکان بڕێژن؛
بچمه سەر شەقامه گشتییەکان و

بەپێی پەتی بەسەر وردە شووشە و
بزماری درۆ زەبەلاحەکانا ڕاکەم و
دڵۆپێک خوێنم لێ نەتکێت؛
زانیم ناهێڵێت وەها زوو بمرم
زۆر لەتەلیسمی ئەو نامەیەت ئەترسام؛
من، کەی داوای پەرداخێک زەردەخەنەی تەڕم لێ کردوویت
یان پڕ چنگێک چکلێتی ئاسوودەیی!؟
ئەمویست لێمگەڕێیت،
من ڕێی سەفەرم پێدایت و
کەچی تۆ، ...
نەتهێشت مەتەڵی درۆکان هەڵبێنم،
ڕێت پێنەدام دەرگای زیندانەکان لە گرێژەنە بەرم،
هەموو دز و پیاو کوژەکان،
سۆزانییە نوورانییەکان،
قاچاخچییە بێکەسەکان ئازاد بکەم و
خاوەن ماڵە بە کەیفەکان،
تازێبارە پۆشتە و پەرداخەکان،
ملهوڕە شەهوانییەکان و
سەرەک پۆلیسە ساختەچییەکان بخەمە شوێنیان؛
ڕێت پێنەدام ....
نەهێڵم هەموو ڕێیەکان بچنەوە بانە،
گیاکان لەسەر بنجی خۆیان نەڕوێنەوە،
هەموو ڕەنگەکان بخەمەوە ڕستەی بە سوود و

(سپی)، هەمیشە سەرکۆنەی (ڕەش) نەکات
نەتهێشت بە دڵێکی خاڵی لە گومانە بەدەکان، بمرم،
لێرە بیت،
یان لە دوورەوە لەم شێتییە جوانەم بڕوانیت، گرنگ نییە ویستم
کە مردم،
لە قەبر هەڵکەن هەتا ڕۆژی جەزا دەعوای نەبێت قەبرم**
ویستم بمرم و غەدرەکان،
ویستم بمرم و درۆکان ......................!!

حوزەیران و تەمووزی ٢٠٠٦
ئەڵمانیا/کۆلن

* ناونیشانی شیعرەکە، نیوە دێڕێکی (مەحوی)یە .
** دێڕێکی (مەحوی)یە بە کەمێک دەستکارییەوە

# کە ڕەزان هەستیاریش ئەمرێت!

نامەکان ئەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان،
سندووقی پۆستەکەم ژەنگ ئەیخوات،
کەس وەڵامی (ئیمێل)ێکی لە منەوە پێناگات
لێرە نیم،
نە، ئاگام لە زەنگی تەلەفونە و
نە، لێدانێکی دەرگا ڕامئەچڵەکێنێت و
نە، شۆڕە ژنێکیش، لە گۆشەی شەقامی .....
کش و ماتی شیعرێکا....
بە حەسرەتەوە چاوەڕێم ئەکات؛
من بە خواستی خۆم لامدایە....
ئەم باڵەخانە داڕووخاوەی (مردن)،
پێم چاکنەبوو ئیزرائیل غافڵگیرم بکات؛...
ویستم بە خۆم هەواڵی ئەوێندەر بزانم و
پرسیارەکان لە (ئینکیر و مونکیر) بدزم
خۆشە ئینسان، بۆ جارێکیش بێت....
سەروەری بنێتە ژێر باڵی خۆی و

بە کەیفی خۆی ئەو مەرزانە ببەزێنێت
کە ئەوانی دی ناوێرن خۆیانی لە قەرە بدەن؛
من بە سەفەر هاتوومەتە ئێرە، یاران،
بەڵام، هەیهوو، لەوکاتەوەی (دارا)م بینی ...
سەیری دوو داری دووری ئەکرد
لە پشت درەختەکانی ئەوەوە ....
هەمیشە، پەنجەیەک، بە هەڕەشەوە پێی ئەوتین
ئێمە هەموو، سەفەرێکمان لە پێشە
ئەوەی خودا خۆشی بووێت .....
زووتر ئەسپێکی باڵداری بە زینکراویی بۆ ئەنێرێت،
یاران، من دڵنیابووم بە تەمای خودا بم
وازوو، نەک ئەسپی سەفەر،
گوێدرێژێکی شەلیشم بەنسیب نابێت
بۆیە خۆم تەیارکرد و
بە ڕێگا قاچاخە تەنگەبەرەکانا تێمتەقاند؛
(مردن)، تۆش بە دەست و پێوەندەکانت بڵێ
بە حورمەتەوە مامەڵەم لەگەڵ بکەن
من هێشتا ئەو کۆیلەیە نیم....
لە مەزاتخانەی (ژیان)دا، ....
ئەوان، پوولێکی قەڵبیان پێدابم؛
جارێ نەبوومەتە دیلی پێ لە کۆتی تۆ، (مردن)،
هاتووم شەوێک پێکەوە، چەند پێکێک شەراب هەڵدەین و
من لە دڵڕەشی تۆ و

تۆش لە کەللە ڕەقی من پرسیار بکەیت،
من گەمەکانی تۆ و
تۆش دۆڕانەکانی من بخوێنیتەوە،
هاتووم ئەو بەڵێنەت لێوەربگرم، ....
دوور لە چاوی کوڕەکەم
جەسارەتی خۆتم تیا تاقی بکەیتەوە،
هاتووم بزانم بازووەکانی تۆ بەهێزن
یان ئێمە تەڵە گیایەکی لارە مل!
ڕووبارێک لە شەونمی (دادپەروەری) لە خوێنتا هاژەی دێت!؟
یان تالآویی (غەدر)، .....
دەمارە چرچەکانی ڕەنگ کردوویت !
وەرە ئاوێنەکان بدەینە دەست یەکدی
تا چیتر بە ناسینەوەی خۆمانەوە ماندوو نەبین،
تۆ هەر ئەو (تۆ)یەیت
لە ترس و تووڕەبونما .....
وێنەکەتم لەبەردەمما فڕێ ئەداو
بە هەرچی هێزێک کە خودا و شەیتانیش پێیان بەخشیبووم
چەقۆکەم لەسەر سنگت گیر ئەکرد و
تا ڕادەی شێتبوون، شاگەشکە ئەبووم؛
منیش هەر ئەو (من)ەم،
وەک سەگی برسی
هەمیشە شوێن هەناسەکانت هەڵئەگرتم،
ئەوە ئێستا لێرەم

نەمهێشت ئەو گرەوە ببەیتەوە
کە لەسەر تەمەنی من کردت،
(مردن)، بۆ یەکجاریش بێت لە ژیانتا ....
کەمێک بەخشندەیی بنوێنە و
دەنکێک مرواریيم لە گەنجینەی نهێنییەکانت بدەرێ
با، دەست بەتاڵ نەڕۆمەوە،
(مردن) کەمێک بەخشندەیی ! !!!
میوانم لە لات، (مردن)، وەلێ میوانێکی دز
بۆم بلوێت،
زەخیرەی هەموو تەمەنت فەرهود ئەکەم
بۆم هەڵکەوێت،
سیحری هەیبەتت بەتاڵ ئەکەمەوە؛
مردوویەکی چەندە جوانم
چەند ڕاستگۆترم لە زیندووەکان؛
(مردن)، کەمێک ئاسوودەیی،
(مردن)، تۆسقاڵێک بەخشندەیی،
با، ڕەنج خەسار نەڕۆمەوە!

ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ٢٠٠٧
کۆلن

# سەرزەمێن

هەموومان لێرەوە تێ ئەپەڕین
بۆ کوێستانە شینەکانی میهرەبانی، ....
یان دەشتە خنکاوەکانی سپڵەیی؛
ئەنگۆ پێتان سەیر نییە .....
قافڵەکان، بە هەر کۆڵ و بارێکەوە بن......
لە مەنزڵێکەوە ڕێ ئەکەون و
بۆ پشوودانیش پێکەوە لا ئەدەنە یەک کاروان سەرا!؟
ئێوە ناپرسن ....
گوڵزار و خار و خەس ....
لە ژێر ساباتی چ وادە و پەیمانێکدا
پێکەوە ڕەگی خۆیان سپاردووەتە خاک!؟
لێرەوە ڕەت ئەبین،
لێرەوە دەست بە گێڕانەوەی حیکایەتەکانمان ئەکەین و
کورە ئازاکانیش،
دەرفەتێکی تر نادۆزنەوە بۆ زۆرانبازی، ....
گۆشەیەکی دوور، بۆ بمرن، ئێرە نەبێت؛

دەریا لێرەوە ئەڕژێت،
ئاگر لێرەوە هەڵئەبێت،
کێو لێرەیە و
کەندەڵانیش،
سارا لێرەیە و
بێشەڵانیش،
ئێمە لێرەین و
ئەوانیش؛
کێو ئەڕووخێ و
خاپوور ئەبێت کەندەڵانیش،
ئەسووتێت سارا و
عوریان ئەبێت بێشەڵانیش،
ئەمرین لێرە و
لە دوومان دێن، ئەوانیش؛
هەر لێرەوە تێئەپەڕین، لێرەوە
بەسەر سینە نەرم و شلەکەی بەفرەوە،
لەسەر هەرێزە پێ پەستەکان،
لە بان شەقامە تەڕەکانی ئێواران
هەموومان شوێن پێ سەیرەکانمان جێ دێڵین و
بەڵام لە خاڵێکدا هەر پێک ئەچین
لە گۆشەیەکدا، دڕندەیی گشتمان ئەنێتەوە .....
ژێر باڵە پان و پۆڕەکانی خۆی!
بەرەو کوێندەر خۆ گورج ئەکەینەوە بۆ هەڵهاتن ؟

لە هەر کوێ بین،
قەڵغانی شکاو، ....
بەرگەی ئەو تیرانە ناگرێت...
کە لەخۆپەرستیدا، بە خێرایی تیشک ....
لە کەوانەکانمانەوە دەرئەچن؛
ئەو غەدرانەی لێکدی ئەکەین ....
ڕەنگە خودای سەراسیمە کردبێت
بۆیە دەستی ناچێتە هیچ کارێک و
پڕکێشی ئەوە ناکات .....
پێغەمبەرێکی تر بنێرێتە
نێو ئەم وەحشستانەی ئێمەوە؛
هەر لە ئەڤیندارە دڵ بلوورینەکانەوە
تا ئەگاتە خوێن ڕێژە ڕەزا تاڵەکان
گالیسکەکانیان بێرەدا ڕێ ئەکەن و
هەر لێرەش، دەنگی پێی ئەسپەکانیان خامۆش ئەبێت؛
ئەنگۆ لاتان سەیر نییە،
بەڵام من، وەک پاسارییەکی دیل
هێندە خۆم کێشاوە بە قەفەزی پرسیاردا
پەڕ بە گیانمەوە نەماوە!!

کۆڵن

ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

# دیوی سێهەمی بەندەکان

بەردێک لە ئاسمان بەربێتەوە،
خەرەندێک پڕ ئەکاتەوە
یان پێدەشتێک ئەکاتە خەرەند!!

***

ئەگەر گوڵ نیت،
هەرچی دڕکت هەیە، .....
لەسەر لەپی دەستی من بڵاویان بکەرەوە
نەکا، پێی منداڵێک لە کاتی گەمەکردندا،
یان کیژۆڵەیەک لە گەرمەی یەکەم ژواندا، ئازار بدات

***

دوو مەمک لە سینەیەکدا،
کاتێ بەر یەک ئەکەون، نە، شەڕێک بەرپا ئەبێت و
نە هاوارێک ئەبیستین،
بەڵکو سەراپای زەوی پڕ ئەبێت لە ڕووناکی و
ئاسمانیش ساماڵ

***

ئەوەی چاڵ بۆ کەسێک هەڵکەنێت

یان بەرائەتی تێئەکەوێت،
یان بەرائەت،
یان بەرائەت

❊❊❊

کە جام پڕ بوو،
لە نەجابەتی خۆیەتی، کە نەڕژێت

❊❊❊

کەو، ئەو کەوەیە،
خەیاڵی دێوجامە بخوێنێتەوە و
ڕیسی ڕاوچی بکاتەوە بە خووریی

❊❊❊

ڕووناکی مانگەشەو،
جێژوانی عاشقان ئاشکرا ئەکات و
چراوگی دڵە غەمگینەکانیشە

❊❊❊

خوا، تا کێو نەبینێت،
هەست بە لووت بەرزی تەبیعەت ناکات

❊❊❊

قەل بە قەلی وت:
ڕووی ئێمە سپی ترە،

یان دەروونی ئادەمیزاد!؟

❊❊❊

چەپڵە بە دەستێک....
ئەو عیشقانەی هەرزەکاریم بیر ئەخاتەوە
کە هەر خۆم بووم و
کەچی لەماڵەکەدا جێم نەئەبۆیەوە

❊❊❊

بەردی زل،
نیشانەی برینی گەورە و
فیچقەی خوێن و
بەرین بوونی مەوداکانی خۆشویستنە

❊❊❊

ئەوەی بەرز بفڕێت،
کیشوەرەکانی (جوانی) لێ ئەبن بە زەنگیانە

❊❊❊

ئەیەوێت ماسیی بگرێت و
بەر نەفرەتی دەریا نەکەوێت،
یان سەرەمێکوتەکان لە گوناهی خۆش بن
❊❊❊

کوێر تا ئەمرێت،
لە ئێمە جوانتر ئەبینێت!!

٭٭٭

بەردێک، نەزان بیخاتە گۆمەوە،
تا ئەبەد ئاوەکە بە لێڵی خوورِەی دێ و
بەردەکەش لە ڕۆحی زاکیرەی کەسمانا نامێنێت
٭٭٭
بەرد لە جێی خۆی،
بۆگەنی تا دۆزەخ ئەڕوات!!

٭٭٭

چی بچێنیت،
هەتا ئاورِ ئەدەیتەوە، ئەیدوورنەوە

٭٭٭

دار هەڵبرِە،
سەگی برسی قروسکەی دێ و
لە ترسیشدا برسێتی بیر ئەچێتەوە
٭٭٭

ئەوەی لای بەندە خەیاڵە،
خودا ئەخاتە گومانێکەوە،....
قووڵتر لە کەون ڕامێنێت!

ئابی ٢٠٠٧
کۆلن

# هێڵی سوور

دەستم ناچێتە خوێنی کەس،
وەلێ تۆ، ڕۆژێک دێت بەو دەستانەی خۆم
لە چۆڵەوانییەکدا بتکوژم،
نە هاوارت بە کەس بگات و
نە، منیش لەو تاوانە حەڵاڵە دوو دڵبم،
ئەتکوژم،
وەک کەسێک دوژمنی باوە کوشتەی کەوتبێتە دەست،
ئەزانم سێبەرە تەڕ و بڕەکەی خۆم،
هەناسە قووڵەکانی خۆم،
هەنگاوە گورجەکانی خۆم ئەکوژم،
ئەو ڕۆژە، ....
ئەکرێت ئاوڕ نەدەمەوە و
دەستە سوورەکانیشم،
لە ئەستێڵکێکی پڕ شەونمی دڵنیاییدا بشۆم

ئەو ساتەی کەسێک دێ و
پێ لەو هێڵە سوورە ئەنێت
کە، بەزاندنی دارمانی هەموو پایەکانی کەونە لای من
یەک هێڵی سوور شک ئەبەم و بەس،
شکاندنی، تێکەڵبوونی تخووبی ......
وڵاتە ئاوەدانەکەی ژیان و
خەراباتەکەی مردنە
هێڵێکی سوور،
شکاندنی؛...
گڕگرتنی ئۆقیانووسەکانی لێ ئەکەوێتەوە
تاقە هێڵێکی سوور،
سڕینەوەی، ئەبێتە پەرکەمێکی ئەبەدیی ئاسمان و
تاقیامەت خۆشناکاتەوە،
لە هیچ دڵنیا نەبم، لەوە گومانم نییە
ئەو ساتە ئەبمە بکوژ و
ڕۆژنامەکان بە مانشێتێکی گەورە باسم ئەکەن،
وێنەیەکی گەورەم، لاپەڕەی یەکەمی داگیرکردووە
چەقۆیەکی خوێناوی بە دەستمەوە و
ڕووخساریشم پڕ لە (نور)ێکی ئارام بەخش؛
بێژەرێکی دەنگ گڕ لە (تی ڤی)وە
هەواڵی شێتبوونم ڕائەگەیەنێت و
لە پەیوەندیی نێوان (خۆپەرستی) و (تاوان)،
(خۆپەرستی)و(عیشق) لە شیعرێکی بڵاونەکراوەی مندا، ئەدوێت

ئەو کاتە تۆ لەوێیت، تۆی کوژراو،
ڕۆژنامەکە لەنێو دەستت داو
ئەبلەق بوویت و لەمەرگی خۆت ڕائەمێنیت
لەوێیت و سەر لە هیچ دەرناکەیت
وەک من لە مانا سەیرەکانی ....
ئەم (خۆپەرستی)یەم تێناگەیت
تۆ، بە تەنها لاپەڕەکانی بەرایی عیشقت موتاڵا کردووە و
جارێک لە دۆزەخە فێنکەکانەوە
تەماشای بەهەشتە تاقەت پڕووکێنەکانت نەکردووە
دەنا ئەبوایە هێندە لە خۆتا ونم بکەیت،
هێندە بمشاریتەوە
کە داتمەوە دەست هەتاو
بە هەموو شتێک غەوارەبم، تۆ نەبێت،
بەر شەوارەی هەموو شتێک بکەوم، .....
شەوچراغی زیندانە ئارامەکەی، دڵی تۆ نەبێت!
تۆ لە من حاڵی نیت،
دەنا ناهێڵیت لە بری شیعر، ....
کتێبە ناشرینەکەی خوێن ڕشتن بنووسمەوە

***

ئەتکوژم، بۆ ئەوەی وەجاغی عیشقیش کوێر بێتەوە و
کەس نەبێت بزانێت، عیشق بەری کام درەختە،

چی دەنکە یاقووتی وەریوی مەرگ هەیە
ڕۆ ئەکەمە نێو کۆشت و
خۆم بە دیار مەرگتەوە مۆسیقا ئەژەنم
ئەتکوژم، بۆ ئەوەی کەس دەمی نەگاتە
گێلاسی عیشقی تۆ؛
ئەتکوژم، بە واتا (خۆم) و (خۆت)،
(خۆم) و (خۆم) ئەکوژم!

حوزەیرانی ٢٠٠٨
ئەڵمانیا / کۆلن

# ئەم دوو چڵ ڕێحانەی ژیانە، تا کەنگێ بۆنیان دێت! !

لە هەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ ڕوخان، مەحوی
ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چبکا؟!

(مەحوی)

لە ناکاو، خۆم ئەدەم بە شووشەی باڵەخانەکەی مردنا و
ئەو درزێکیش ناکەوێتە نێوچەوانی و
من وەک بێچووە کەناریيەکی ماندوو....
بە باڵی شکاوەوە بەرئەبمەوە سەر زەوی،
فووئەکەم لە کڵپەی وەحشەت و
ئەو ، مێشێک نابێتە میوانی و
من، زیاتر، بڵێسەی تەنیایی
تاریکیم تیا هەڵئەکات،
لەگەڵ گۆڕ لە یەکدی ورد ئەبینەوە و
من هیچی لێ حاسڵ ناکەم و

ئەو، لە خۆم بەڵەد تر،
پیاسە بە کووچەکانی خەیاڵما ئەکات؛
بە خۆم ئەڵێم، با هەموو شتێک وەلانێین
خۆمان تەیار بکەین و
گالیسکەیەکیش ئامادە،
دەرفەت بە ساتەکان نەدەین ....
بەپێ دزکێ و بەبێ شەکرە بەفری ڕامووسان، ....
بەبەر چاومانا ڕەتبن و
پاشانیش پێمان بڵێن خۆتان گەمژەبوون
وەرە، بەیانیان ژێر سەرینی ئەو شۆڕەژنانە بگەڕێین
کە (ستیان)، پڕی کردوون لە بۆنی مێخەکی مەمک
نوێنەکانیشیان، کانی بخووردی ئاهە شێدارەکانی شەو؛
ئیتر وەختێتی، ئێمەش ژێر بالیفەکانمان خاڵی بکەین لە چەقۆ....
تا شەیتان بە کەیفی خۆی زەفەرمان پێبەرێت
چەند خۆشن، ...
ئەو شەڕە ساردانەی شەیتان، بۆ گەرمبوونەوە،
چەند بەدبەختە، ...
ئەوەی (ئاشتی)یەکی مۆن نەگۆڕێتەوە .....
بە شەڕێکی دەستەویەخەی لێو زێڕین

***

شەپۆل لە کوێوە سنگ دەرپەڕێنێت
بە سوپایەکی سەرچڵی پڕ تفاقەوە پێشی لێ ئەگرم و

شەیپووری جەنگ، .....
ئەبێت لەسەر خاکی نیشتیمانەکەی منەوە بەرز بێتەوە؛
سەرشۆڕییە، سەراپات لە شەڕێکا سوور نەبێت
کە (غەدر) سەنگەری تیا لە (بەرائەت) گرتبێت،
شەرمەزارییە، بەردەوام ئەسپێکی شەلبم و
سوارەکەم لە پێشبڕکێدا نائومێد بکەم
چەند شوورەییە بارانێکی لووت بەرز بم و
دوعای بیابانێک ئاوێنەی غرورم نەڕووشێنێت
درەختێکی قەرسیلەیی بم و
لە ئێوارەیەکی هەڵلەرزیوا ....
خۆم لە بێ دالدەیی باڵندەکان نەبان بکەم

***

ئەم دوو بست تەمەنە بەشی چیتر ئەکات، تیا شین بێت!؟
ئەم دوو چڵ ڕێحانەی ژیانە، بەرگەی چی تر ئەگرن!؟
چیم ماوە، ئەیبەخشم بە عیشقێک، ....
کوێرانە خۆی بکات بە کۆشی ژنێکی تەنیادا و
مەستانە، قردێلەی ....
پێشانگای سەمایەکی باڵگرتووی بۆ بقرتێنێت؛
خۆی بکات بە ژووری نسرمی کچێکی قەیرەدا و
یەک پارچەماڵەکەی بۆ پڕکات لە گوڵ ئەستێرەی قسەی خۆش،
پەرداخی شەرابی ....
بە وردە سەهۆڵی ماچێکی حەرامی ڕاونراو بۆ سارد بکات

ئەم دوو بست تەمەنە بەشی چی تیاماوە!
ئەم دوو چڵ ڕێحانەی ژیانە
بۆنیان تا کوێ ئەڕوات!
تا کەنگێ بۆنیان دێت!؟؟

شوبات و مارت ومایسی٢٠٠٨
ئەڵمانیا/ کۆلن

# گەمارۆ

دابەشی هەر ژمارەیەکی بکەیت، ....
وەک خۆی ئەمێنێتەوە، مردن؛
لە هەر ژمارەیەکی بدەیت، ....
هەر ئەکاتەوە خۆی، مردن؛
لەگەڵ هەر ژمارەیەک کۆی بکەیتەوە، ...
سەر ئەنجام خۆیەتی، مردن؛
هەر ژمارەیەکی لێ دەرکەیت، ....
ئەمێنێتەوە خۆی، مردن! !!!

***

لە دەریای هەڵکێشیت،
ئەیکاتە کوشتارگەی ماسی و
لەوسەرەوە، وەک نە بای دیبێت نە بۆران، ....
ئەکەوێتەوە سەرئاو، مردن؛
وەکو گڕە بەسەر گلێنەی سەوزاییەکاندا ڕەت ئەبێت و
چەشنی سەهۆڵ ئەنیشێتە سەر خوێنە گەرمەکان،
لەسەر ناسکترین پەڕەی گوڵ .....
دەست ئەخاتە سەر شانی پەپوولە و
لە هێمنترین ئێوارەدا لە عیشق مۆن ئەبێتەوە،

بەردەوام چاڵ بۆ ژیان هەڵئەکەنێت و
شانازی بە نامەردی خۆیەوە ئەکات، مردن

-٢-

بە شانی کچێکی غەجەرییەوە، جانتایەک،
لەسەر سینەی، تاڤگەی قژێکی قەترانی،
لە ژێر کراسێکی سپییەوە، ستیانێکی پەمەیی،
لە گەردنیا، ملوانکەیەکی زیویین،
لە دەستەکانیا، ڕستێک بازنگ لە نەسلی پێکەنین،
لە لێوانیا، ئای لەسەر لێوەکانی ....
تەنکە سووراوێک لە ڕەنگی منداڵبوونەوە،
لە کەمەریا، پشتێنێک، لەتەیمانی باخی بەهەشت،
بە شانی کچێکی غەجەرییەوە،
لەسەر سینەی،
لە ژێر کراسەکەیەوە،
لە دەستەکانیا،
لە لێوانیا،
لە کەمەریا، ....
پاڵی داوەتەوە، مردن

***

سەری ئەنێمە سەر قۆڵم و
جامێک ئاو ئەکەم بە دەمییەوە

بۆ ئەوەی نەخنکێت، باران!
ئەیخەمە ژێر پاڵتۆکەم و
سەری، توند.. توند ئەنێم بە سنگی خۆمەوە
با ڕەق نەبێتەوە، ئاگر!
ئەیبەمە ژوورەکەی خۆم و
تا بەیانی حیکایەتی خۆش خۆشی بۆ ئەگێڕمەوە
با نیگەران نەبێت ئەو سەگە!
ئەیانخەمە نێو لەپی دەستەکانمەوە
کەچی لەوێش، خۆی بۆ تەیارکردوون، مردن

***

گرەو لەگەڵ قومارچی و
نوێژکەر و
شاعیر و
گاڵتەباز و
قومار لەگەڵ (مولحید) و
(عابید)یش ئەکات و
هەمیشە ئەیباتەوە، مردن

- ٣ -

کوڕی کێیت تۆ، ئەی مردن ؟
لە کام داوێن بەربوویتەوە!؟

***

سەیرە، لە بێ ڕەنگیدا چەندە لە ئاو ئەچیت،

لە سپڵەییدا، تەنها لە خۆت ئەچیت،
لە بێ تامیدا هەر ئەڵێی لە نەسلی ئاویت،
لە ناشرینیدا، لە هیچ ڕۆح لەبەرێک ناچیت،
لە بێ بۆنیدا، ئەچیتەوە سەر خانەوادەی ئاو،
لە بۆگەنیدا، هەر خۆت لە ڕەنگی خۆتیت،
لە زەلیلیشدا، ......
هیچ شتێک لەم هەموو مەخلووقە ناچێت
هیچ لە ڕەنگی پەڕیوی ئێمە ناکات ......
لە بەردەم چریسکەی شمشێرەکەی تۆدا، مردن

***

دابەشی هیچ ژمارەیەکت ناکەین و
لە هیچ ژمارەیەکت نادەین و
لەگەڵ هیچ ژمارەیەک کۆت ناکەینەوە و
هیچ ژمارەیەکیشت لێ دەرناکەین، کەچی
هەمیشە هەر خۆتیت و هەمووشمانیت
ئێمەش هەردەم، هەر خۆمانین و خۆشمان نین،
هەر خۆمانین و تۆش؛ مردن!

تشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠٠٨
کۆلن


له ماڵی ژنێکی عاشقدا!

# لە ماڵی ژنێکی عاشقدا! *

(هەر) با  (یەک تەنوورەکەی هەڵدایتەوە)....
داوای پێناسەکەی لێ بکە
نەوەک پیاوێکی دەبەنگ بێ و
کە خۆی بەتاڵکردەوە،
بڵێت، ئەرێ خەوت نایەت؟

***

(بەر لەوەی خۆت بخزێنیتە بن هیچ بەتانییەک)
دەستێکی لێ وەردە، بزانە ....
وەکو ئیحساسی خۆت نەرمە!

***

(پیاوێک توند گوێچکەت ئەگەزێت)
بەڵام ڕەنگە، سەد جار دابێتی بە ڕۆحی خۆیەوە

پێش ئەوەی بیر لە لەزەتی گوێچکەکانت بکاتەوە

❊❊❊

قەت بیرت بۆ ئەوە چووە ...
(ئەو پارووە نانەی ئەیجوویت)،
دڵی پیاوێکە، هەتا ئێستاش نەیوێراوە
لەجارێک زیاتر خۆشەویستی بکات؟!

❊❊❊

(ئەو)ت خۆشویست
وەک ئەوەی شیعرێک بنووسیت
ڕەنگە (ئەو) وەک ئارد بڵاوبکەیتەوە،
بەڵام شیعرەکە، نا

❊❊❊

(ڕوومەت بە کڵاوە خوورییەکەت دامەپۆشە)،
پیاو و ڕەشەبا وەک یەک هەڵئەکەن

❊❊❊

(چاکەت و بوتڵە ئاوەکەت جێ ئەمێنێت)
تا دێیتەوە، چاکەتەکەت لە باوەشی پیاوێکدایە و
بوتڵە ئاوەکەشت خاڵی، بە لێویەوە

❊❊❊

(کە ئەزانێ لێی تووڕەیت
ڕەنگی مردووی لێ ئەنیشێت)
چونکە تێئەگات، ئەو شووشەی عیشقەی.....
بە کاڵفامی خۆی شکاندی
مەحاڵە لەگەڵیا کۆی بکەیتەوە

***

(تۆ، کیسە گەنمەشامییەکەت لێ ئەڕژێت
کە زەنگێکی ئەوت بۆ دێت)،
بەڵام نازانیت ئەو ساتە، چی ئەڕژێتە ڕۆحی ئەو

***

(یەخەی کراسەکەت بۆن ئەکا) و
ئەوەت بیر ئەکەوێتەوە
کە تۆ ژنێکی لەبخوورد،
ئەویش پیاوێک لە داگیرسان

****

(کە باوەش ئاوەڵا ئەکەیت
چ شتێکی بیر ناچێتەوە)
یەک پارچە ئەبێتە دارستانێک لە وتن،
نزارێکی بەرین لە بێدەنگی!

***

(که دڵت کردە خێر)،
کەسێکت بیر نەچێت؛ دراوسێی دەستە چەپ و
دەستە ڕاستی شیعرەکانت !

❊❊❊

(ئەویش درەختەکانی
بە ناوی تۆ ناو ناوە) و
گەڵا وەریوەکانیش، خۆی!

❊❊❊

(ژێر کراسە مۆرەکەت دائەماڵی و
ژیان لەبەر ئەکەیتەوە)؛
بەڵام ئەفسووس، کەس پێ ڕاناگات بۆت بدوێ
تا خۆت بۆ دەنگی وەرخەیت

❊❊❊

(ئافرەتێک وەک ڕستە کلیل بە کەمەری پیاوێکەوە)،
چ قیامەتێکی جوانە!!!

❊❊❊

(گەر عاشق بای، ئەتزانی بۆ
هەر کاتێ کە ئەیبینیت، .....
ناوی خۆت بیرئەچێتەوە؛
شەپۆلی چاوەکانی زەینت ڕانادەن)
عیشق خۆی، ئەفیوونێکی شیرینە

❊❊❊

(بۆنی دێتە بەر کەپووت و
لە هیچ شوێنێکیش نایبینیتەوە)،
من دڵنیام جێیەک هەیە نەگەڕاویت،
ژێر ستیانەکەت!

***

(هەموو شتەکانت بژمێرە)
پارە و نامە و چی و چی،
ئەو لەگەڵ هیچ شت و ژمارەیەک تێکەڵ نابێت

***

(لە پاش ئەوەی تێر سەرنج لە چاوەکانی ئەدەیت
بە دەست خۆت نییە.....
ماچەکانت بەلاش بکەیت یان نا!)

***

(چەند حەزی لێیەتی بتخاتە بن چاکەتەکەی) و
تاڵ بە تاڵی تووکی سنگی بژمێریت و
دڵۆپ .. دڵۆپ، هەموو شەونمی ئاهەکانت بخواتەوە

***

(پەنجەکانی ئەو نین تێکستێکت بۆ ئەنووسن)
ئەوە خۆتیت حەرفەکان دەستەمۆ ئەکەیت و
ئەویش لە ژێر ئەفیوونی عیشقا؛ بێ بڕست

***

(وەک ئەوەی بچێتە بەر ئاوێنە دێتە بەر تۆ و
یەخەی کراسەکەی ڕاست ئەکاتەوە و
بۆینباخەکەی چاک ئەکا و
ئینجا دڵی نایەت، بچێتە دەرەوە، ئەوڕۆش)

***

(بەو کراسە سنگ داچەقاوەتەوە)
منیش ئەتخەمە زەینی شیعرەوە

***

(لە هەر شوێنێک بتبینن، پیتەکانی ناوی، ....
بیست ئاوڕت لێ ئەدەنەوە) و
بیست جاران تۆش، لە خۆشییان سەرسم ئەدەیت

***

گوارە یاقووتییەکانی تۆش.....
(لە ملپێچە ژەنگییەکەی ئەو زاڵمترن)
بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو،
نەرمە گاز لە پەڕەی گوێت ئەگرن

***

منەت مەکە،
(ئەو، هەموو ژیانی گڵۆپی سەوزی بۆ تۆ و
سووری بۆ هەموو کەون پێکردووە)

***

(کراسە گوڵ زەردەکەت، کورت بێتەوە و
تا سەر چۆکت بێت یان نا)
پیاوە چاو زەردەکە، .....
شەرم لەوە ناکات تا خوار چۆکت بێت؛ خوار چۆکت
***
(پێیەکت لە نێو دنیایە و
پێیەکەی ترت لە نێو ئەو)،
زۆر دەبەنگیت، بۆ دنیا دەست لەو هەڵگریت
***
(باران تاو نا تاوێک دەستێکی دەگەیەنێتە بەلەکت) و
کەچی تۆ نەفامانە بۆ ئەو ئەگەڕێیت
من ئەڵێم تۆ، نە، بۆنی باران ئەناسیت و
نە، بەرامەی شەیدایی ئەو

***
(لەسەر پشتی ڕا دنیا دیارە)؛
کافرباب، تۆ سەر پشتی خۆت نابینیت
پڕە لە هەسارەی تازە؟!
***
(هەورێک لەسەر سەرتە زۆرت کەیف پێ دێت و
حەز ناکەیت ئاوا بێت)؛
لێت ناگرم، ئەتو لە ڕەش داگەڕانی ئەو تێناگەیت

***

(ئەورۆ کراسێکی فستقی لەبەر ئەکەیت و
سەر لە ژیان ئەشێوێنیت)،
زۆرزان، ئەزانیت (ژیان) خۆی نێرە و
زوو دێت بەچۆکا

❊❊❊

(ئەوە، کەی زرنگییە، بزانیت
هەموو ڕۆژێ دڵی ئەو چەند جار لێ دەدا و
چەند جار دەپڕمێ و ......
چەند جغارە دەکێشێ)؛
ئەگەر ئازایت، بزانە دڵی پیاو
جێگەی چەند ژنی تیا ئەبێتەوە!!

کانونی دووەم و مارتی ٢٠٠٩
کۆلن / ئەڵمانیا

تێبینی:
❊ لە دوا لاپەڕەی ژمارە (١٤٧)ی هەفتەنامەی (ڕەخنەی چاودێر) و لە ٢٠٠٩/١/٥ دا خاتوو (نیگار نادر) چەند بەشێکی لە قەسیدەی (بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بە من بچێ) بڵاوکردەوە و ئەم شیعرەی منیش ئیشکردنە لەسەر چەند کۆپلەیەک لەو چەند بەشەی قەسیدەکەی ئەو و وێنەی تازەیان لێ دروستکراوە و هەوڵیشمداوە کەم تا زۆر بۆنی قەسیدەکەی خاتوو (نیگار)ی پێوە بمێنێت.
❊ ئەو دێڕ و کۆپلانەی لە ناو کەوانەدان یان وەک خۆی لە شیعرەکەی خاتوو (نیگار نادر) وەرگیراون، یان دەستکاری کراون و ئیشیان تیاکراوەتەوە.

# سەفەرێک بۆ ڕاکبوونەوە

تەواو، کاتی ئەوەم نەما....
بە زەردەواڵەکانی تەنیایی بڵێم گۆشتم تاڵە،
ئیتر خۆم ئەچم شاریان ئەوروژێنم...
تا سەرم پڕکەن لە ژەهری بیرکردەوە؛
عەیامێکە ڕێم نەکەوتۆتە.....
ژێرخانی ماڵی ڕۆحی خۆم،
پێ ئەچێت دیوارە شێدارەکانی نەمناسنەوە
یان ڕێ بە دەرگاکەی نەدەم،
یاخود سڵاوم بیرچووبێتەوە؛
ئەچم، وەک غەریبێک ڕووی تێ ئەکەم،
وەکو میوان بە شەرمەوە دائەنیشم
بەڵام پاشان وەک خانەخوێ سەرینێکی پەڕ ئەنێمە سەر کۆشم و
ئیتر هەموو ماڵەکە سەرڕێژ ئەکەم
لە گمە گمی کۆتری سەرزەنشت و
لە هەتاوی ساردی خەجاڵەتی خۆم

***

دەست ئەکەم بە پاڕانەوە لە ئاسمان ....
کە ڕۆژێک ڕووم لە بارانێکی گرژ کردبێت ...
وەک چۆلەکە تەڕی کردبم؛
داوای بەخشین لە کچێک ئەکەم ....
لە ژوانێکدا ... زوو فریای ئەوە نەکەوتبم ...
پاڵتۆی ماچێکمی بدەمێ بۆ ئەوەی باران نەیشواتەوە؛
لە دووی ئەو ژنە پاکیزانە ئەخوولێمەوە
کە خۆشەویستیم بەشی ژەمێکی نەکردوون و
بە ڕۆحی برسی جێم هێشتوون،
ئەچمە سەر ڕێگەیان و
هەتاو بۆ سێبەر و
سێبەر بۆ هەتاویان ئەکەم ...
بەڵکو کەمێک شانم لە قەرزیان خاڵی بێت؛
لەو کچۆڵە عەیارانەش،
لەو ژنە مەکربازانەش خۆش ئەبم
کەڕۆژانە داویان بۆ کۆترە نەوسنەکانی عاتیفەم دائەنا؛
ئەگەڕێم، سۆراخ ئەکەم، تێ ئەفکرم
لە کوێ بەردم گرتبێتە سەگێکی بەرەڵا
تا بچم بە سیمایەکی زەردەوە پێی بڵێم:
ئەوە نێوچەوانی من و تفی تۆ
سنگی من و چڕنووکی تۆ
پاشەڵی من و شەقی تۆ
دەستی من و مشاری تۆ؛

لەسەر قەرەباڵغترین شەقام ڕائەوەستم
دڵم وەک بێچووە پشیلەیەک ئەگرم بە دەستەوە:
خەڵکینە لەڕێی خوا
کێ داوای لەسەر خاوەنی...ئەم پارچە گۆشتە بۆگەنە هەیە
بێت، بیخەمە بەر پێکانی؛
یەکە یەکە لقی دارەکان ڕائەوەشێنم:
ئەگەر ڕۆژێک لەسەر قەدی هەر کامێکتان
دڵێکم دروست کردبێت بۆ یادگار و
خۆم لە زریکەتان نەبان کردبێت
ئەوا ئێستا پشتی من و
چەقۆی تیژی لق و چڵتان،
خوێنی من و ڕەگەکانتان؛
بەڵام ئەی خاک لە ترسی ئاهی تۆ
بە دارعاساکەی (موسا)شەوە...
ناوێرم توخنی پردی سیرات بکەوم،
خاچەکەی (عیسا)شم بە کۆڵەوە بێت
پڕکێشی ئەوە ناکەم بچمە حزووری خوا؛
قورئانەکەی (محەممەد)یش لە سنگما بێت
ڕووی ئەوەم نییە لە قاپی بەهەشت بدەم؛
ئەی خاک،
سات نییە بە غەدر وشکت نەکەمەوە و
بێ ڕەنگت نەکەم بە خیانەت؛
تۆ گوناهترین زوڵم لێکراویت،

میهرەبانترین بریندار؛
تەنها، هانا بۆ تۆ ناهێنم لێم خۆشبیت، ئەی خاک
لێت ناپاڕێمەوە و
ئەمەوێ بە زەلیلی بمبینیت
زەلیل.. زەلیل
وەکو ڕووخساری یەهودا،
ڕووڕەش .. ڕووڕەش
وەک شەیتانی لە خوا عاسی! !!!

کانوونی یەکەمی٢٠٠٥
تشرینی دووەمی٢٠٠٦
کۆلن

# گوێم لە زرنگەی زەنگێکە، ئەبێ ڕابم

تۆ، لە خاڵەکانی کۆتاییەوە
من ئەگەڕێنیتەوە .....
سەر دێڕە بەراییەکانی عیشق
هاتوویت، بۆ گوڵ چنینەوە ....
مەیدانی دوای شەڕێکی خوێناوی ئەگەڕێیت
خۆت ماندوو مەکە، کەسەکەم
ڕەنگە تەنها، هێندە بۆڵە ترێ .....
بە ڕەزیی جێماوی دڵمەوە مابێت ...
پەرداخێک شەرابی لێ چێ بکەیت؛
ڕمێکم ماوە بۆ ئاوابوون و
تۆ ئەمهێنیتەوە سەر..
تخووبە فێنکەکانی گەرد و گوڵ
سوپاس ئازیزم،
من هەر ئەوەندە لە عیشق ئەزانم

چاوەکانت بنووقێنیت و
خۆت بدەیتە دەست ...
شەپۆلە سەر مەستەکانی،
ئیدی ئەوان و خوای خۆیان؛
هێندە لە عیشق حاڵیی بووم
لەسەر ئەرزی ڕەق ماچ پەیدا بکەیت
لە نێو شەختەدا گەرم دابێیت و
لە ژێر کراسە شینەکەی ئاودا
سۆراخی ئاگردانێکی پڕ سکڵ و
لە گیرفانەکانی ئاگردا
بۆ تەڕایی باران بگەڕێیت،
من هەر ئەوەندە ئەفامم
کە عیشق بە شنە ..شن هات
فریای کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی...
شیعر و ماڵ و کتێبخانەکەم بکەوم،...
بۆ ئەوەی ئاڵ.. ئاڵ ببنەوە،
تا خوێنیان کاڵ هەڵنەگەڕێت و
بیلبیلە ڕەشەکەی کەروێشکی .....
ڕوانینیان بەر نەبێتەوە،
هەموو شتێک ئەکات عیشق،
ساتە ناشرینەکان قاو ئەدات و
شکۆفەکانی ژێر زوقم بەسەر ئەکاتەوە و
بانیژەکان پڕ ئەکات لە باڵندەی خۆش خوان

چی ناکات عیشق!
هاوینان بەرهەیوانی دڵمان ئاوڕشێن ئەکات و
زستانان ئاگردانەکانی خوێنمان
پڕ ئەکاتەوە لە گەرمبوونەوە؛
عیشق پێم ئەڵێت:
بۆچیتە لەوە تێبگەیت ...
ئەو کتێبە لەسەر پەشمەکی سنگی ئەو
کیژۆڵە گەنم ڕەنگەدا
قووڵ.. قووڵ خەوی لێکەوتووە
یان دوو سوێسکەی قشتیلەی ئەو...
لە ژێر ئاوریشمی جووت باڵی ....
ئەو کتێبە خۆشبەختەیا خەون ئەبینن!
گەرەکم نییە تێبگەم،
وەلێ دڵنیام عیشق هەبێت
لە نێوانی هەردووکیانا پاڵکەوتووە،
من هەر لەوێدا سۆراخی ...
فوارەی هەمیشە تەڕی عیشق ئەکەم،..
دوورم خەنەوە ون ئەبم؛
عیشق، نیوە شەوانێ زەنگێکم ...
بۆ لێ ئەداو بێدەنگ ئەبێت
ئیدی من لەوە تێ ئەگەم
کیژێک هەیە شیعرێکم ئەخوێنێتەوە،

دە پەنجە هەن،
دیوانەکامیان کردۆتە شووشە عەتر
شێتێکی جوان.. جوان لە ژوورە تەنیاکەیدا
مەمکەکامی لە ستیانێکی گوڵ گوڵدا ...
بەسەر ئازارما شۆڕکردۆتەوە
ئەبێت ئیتر منیش ڕابم،
تابزانم، بە ڕاست ئەوە کچۆڵەیە..
یان باڵەخانەیەک لە میهرەبانی!
ئەوانە، پەنجەن،
یان (دە) ڕۆحی پڕ (نور)ی خودایی!
ئەوە سنگە، یا سەنتەری هەموو کەون!
ئەبێت کە عیشق زەنگی لێدا ...
بەرزەپێ هەستم، کەسەکەم؛
بێ حیکمەت نییە زرینگانەوەی ...
بازنگە ناسکەکانی دەستی عیشق،
بێ حیکمەت نییە، باڵندەی تەمەنێک ...
سەری بووبێت بە ژێر لمی (کەسەر)ەوە ...
کەچی لەرینەوەی پەرچەمی زەنگێک
بیخاتە سەر مەیلی باڵ لێکدان؛
چی ئەبێت با ببێت ئازیز
من دەرگاکەم ئەخەمە سەر گازەرەی پشت،
پەنجەرەکان ئەکەمەوە،
بەڕووتی دێمە نێو حەوشە

بەڕووتی دێم،
ڕووت سەما ئەکەم وەکو عیشق!
با نەخنکێم، نەخنکێم، نە

شوبات و مارتی ٢٠٠٥
کۆلن


أينسان

# ئینسان

ئەم کەونە لەسەر شانی شکاوی (خەتا)کان ...
چوارمشقی لێی دانیشتووە،
کێ یەکەمین تاوانبار ئەناسێتەوە ...
کە وای لێ کردین
تەونی جاڵجاڵۆکە تێک بدەین و
هەواڵی ماڵی خاڵیشمان لە خاڵخاڵۆکە بپرسین؟
کێ ئەو گەمژەیە ناس ئەکات.....
ڕێی دارستانەکانی
بۆ ڕاوە باڵندەو ئاژەڵان نیشان داین؟
ئەی ئینسان، ئەی دڕندەترین مەخلووق
تۆ خۆت ئەزانیت ئەم سەرزەمینە...
چۆن بە بۆنی گوناهەکانت کاسبووە؟
حاڵی هەیت، کەشتیی ئەم سەفەرە کورتەت
چەند زوو ئەیدات لە گاشەبەردێکی دەریای عەدەم و
هەپروون بە هەپروون ئەبیت و
ئەبیتەوە بە هیچ، هیچ، هیچ؟
ئەزانیت هیچ چییە ئەی ئینسان، ئەزانیت؟!
درکت بەوە کردووە، تۆ ....
خوێنی گورگەکان ئەڕێژیت بۆ ئەوەی
لمۆزی خۆت زووتر بگاتە پاشەڵی مەڕەکان؟!

باڵی باز و هەڵۆکان ئەشکێنیت
تا خۆت گورجتر ....
چنگت بگاتە کۆتر و قومری و پاسارییەکان،
تێ ئەگەیت تۆ چیت، ئەی ئینسان؟
تۆ هەموو شتێکیت و (هیچ)یش نیت
تۆ ئەو گەرد و تۆزەیت
ئەنیشیتە سەر بەفری یەک شەوەش
تۆ ئەو تلیاکەیت کەونت سیخناخ کردووە لەگێژی
سەیرێکی پەنجەکانت کە،
لە نینۆکەکانت ورد بەرەوە،...
شەیتان نەماوە نوێژیان لەسەر نەکات
خوێن نەماوە لە ژێریانەوە چۆڕاوگەی نەبەستبێت
فریای خۆتکەوە، ...
کات، شەمەنەفەرێکی خەواڵوو نییە...
لە سەرت ماتڵبێت،
عوزرخواییەک بۆ هەموو (بوون) بهێنەرەوە
بە دەریاکان بڵێ بتبەخشن بە شینێتی خۆیان
لە ئاسمان بپاڕێرەوە
لەبەرچاوی گەشی ئەستێرەکان...
عەزابت لەسەر سووک بکات
بە زەمین بڵێ لە شەڕانگێزیت ببورێت،
بڕۆ سەر لەهێلانەی ئەو بێچووە کۆترانە بدە....
کە لە ئێوارەیەکدا هەتیوت خستن،

لەبەردەم ئەو کارژۆڵانەدا کز هەڵتروکێ
کە دایکیانت لەژێر ڕەحمەتی چەقۆکاندا ...
بە زۆر پاڵخست؛
بەو جەنگەڵانە بلێ خەجاڵەتم، ...
کە ئاگرت لە خۆیان و
شەونمی باریوی سەرگەڵاکانیان بەردا
سەفەر بکە، هەر لە سەفەردابە
ئەم شۆڕشە ساردەت درێژ خایەنە،
ئەم نوێژەت وا زوو تەواو نابێت،
ئەبێت خۆت لە ئۆقیانووسەکان هەڵکێشیت بۆ دەستنوێژ، ...
سەرتاپا زەمین بکەیت بە بەرماڵ،
کەونیش بە قیبلە؛
ئینسان، ئەی تاوانباریی گێل
تۆ، بۆ لێو تەڕکردنێک
ئامادەیت چەمێک لیخن بکەیت،
بۆ پێکردنی سیگارێک
سەر و قژی قامیشەڵانێک ئاگردەیت
هەر بۆ پێکەنین، ...
پۆلێک سوێسکەی جوان
لەسەمفۆنیای شەقەی باڵەکانیان بخەیت
***

شتێکی بچکۆلە لە ژێر قەفەزەی سنگتایە
ناوت ناوە، دڵ،
بەڵام هەمیشە لە بیرت ئەچێتەوە...
فوویەک لە گەردی سەر ئاوێنەکەی بکەیت
جووتێک  هەڵماتی دوو ڕەنگت لە سەرتا هەڵگرتووە و
پێیان ئەڵێیت، چاو،
کەچی تەنها ڕەنگێکیان تێ ئەڕژێنیت ......
کە هەر لە نیگای خۆتا قەشەنگە؛
ئەی ئینسان، ئەی ئەنانیترین ئافەریدە،
لە زەلیلیدا چەند گچکەیت و
لەسەر قەڵای غروریشتا
جیهانت لا ئەبێتە نقێمێکی پیرۆزەیی ...
بۆ ئەنگوستیلە زێڕەکەت؛
تۆ یەکەم تونێلت بۆ خوێن لێ داو
مێژووت پڕ کرد لە بۆ ساردی مەرگ،
ئیدی لەو ساوە،
هاوینان بەر دەرگاکەت ...
بە تافە تافی ئاوی شەڕەکان،..
فێنک ئەکەیتەوە،
ئیدی لەو ساوە بەهەشتێک لە ژێر پێتا ڕاخراوە
شێدار بە ڕۆحی ڕزیوی زەریایەکی مردوو؛
تۆ تاوانباریت، ئەی ئینسان.....
بە زۆرکردنی ژمارەی گۆڕستانەکان،

به قۆرخ کردنی زەمین، بۆ دووکەڵی ئارەزووەکانت،
تاوانباریت بە دزینی گەنجینەی (غروور)،
بە تاڵان کردنی شەتڵەکانی دۆزەخ ....
بۆ باخچەکانی سەر زەمین،
بە ڕاکێشانی جۆگەلەی باروت ...
بۆ سەر ڕووبارە پڕ هەنگوینەکانی بەهەشت؛
تاوانباریت ئەی ئینسان
بە گۆڕینەوەی نامەی دڵداری...
لەگەڵ گۆریلاکانی (غەدر)دا،
بە چاوداگرتن لە کچە باڵق نەبووەکانی (خیانەت)،
چیت ماوە فریای خۆت بکەویت، پاک ببیتەوە؟
ڕەنگە سبەی لەسەر سفرە ....
چۆڵ و هۆڵەکەی فەوتبوون ، فراوین بکەیت،
کێ ئەزانێت، کێ؟
پێ ئەچێت هەر خۆشت...
ئاورنگێک لە پشکۆکانی کوانووی (نەمری) بدزیت و
لە خوێنتا بیشاریتەوە؛
ئەی ئینسان، تۆ،
تۆ چ نهێنییەکی سەیریت،
چ مەتەڵێکی ئاشکرا!!

شوباتی ٢٠٠٥
کۆڵن

# مردن، لێرە وایە، قوربان!

(مردن، مردن کەنارێکی شین و تەڕە
ئێواران پیاسەی پیا ئەکەم)

(ئەنوەر قادر محەممەد)

ڕەنگە، سبەی ...
لە سیلەی کۆڵانێکا بکوژرێم
خوێنم بەسەر خڕکە بەردەکانا پەرش بێت
ڕەنگە، سبەی
لە باخچەیەکدا بکوژرێم
لاشەم بکەوێت بەسەر لاشەی گوڵێکا و
هێزی ئەوەم نەبێت...
داوای لێبووردنی لێ بکەم؛
ئەگەر تۆ پێ ڕاگەیشتیت
بە میهری عاشقێکەوە...
بە پەڕە ئاڵەکانی بڵێ:
ئەو نەیویست لێرەدا بمرێت
مەبەستی نەبوو، ئێوە ئەو خوێنە ببینن،..

ببنە شایەتیی ئەو مەرگە،
ببیەخشن،
گەرچی ئەو، شێتانە ...
بە گوڵجارەکانی عیشقا ئەگەڕا
بەڵام جارێک پڕکێشی ئەوەی نەکرد
بۆ تەسریحەی ناسکی یارەکەی
دەست بەرێت بۆ خونچەیەکتان،
پێی خۆشنەبوو
وەک گەمژەیەک بتانگوێزێتەوە
نێو ژووری بێ تروسکەی گوڵدانێک

❊❊❊

ڕەنگە هەر ئەمڕۆ دەستێک، بێت و
بەرلەوەی خەیاڵەکانم ....
بۆنی شەوبۆیان لێ هەستێت،
ڕەنگی نێرگزیان لێ بچۆڕێت،
پێش کامڵبوونی ئارەزووەکانم ...
ئەو لە پشتەوە دڵ ڕەقانە تیرۆرم بکات،
ئەبێت چەند کچی نازدار لە پرسەکەما
سەر بنێن بە گریانەوە!،
یاخود بەر لە وشکبوونەوەی فرمێسکی ئازیزانم و
شاردنەوەی جلوبەرگ و وێنەکانم ....
لە ژنە کڵۆڵ و دایکە پیرەکەم

بەرلەوەی تۆ، نامەکانی عیشق
لەسەر گۆڕەکەم بخوێنیتەوە،
دەستڕێژی چەند مزرە جنێو...
بنێیت بە کێلی مەزار و کفنە تەڕەکەمەوە!!

***

ڕەنگە سبەی لە ڕووبارێکا بخنکێم،
پاش چەند ڕۆژێک ......
لەژێر پرچی شۆڕەبییەکدا سەر ئاو بکەوم،
ماسییەکان هێندە بۆنیان پێوە کردووم
بەرامەی ئەوانم لێ هەڵئەستێت و
لەجیاتی ئاو،
ماندووبوونم لێ ئەتکێت،
شەکەتبوون، بڕستی لێ بڕیوم

***

سبەی نا، ڕەنگە هەر ئەمڕۆ
لەغەفلەتێکا ئۆتۆمبیلێک بمشێلێت و
کەس نەبێت بمناسێتەوە؛
کابرایەکی غەریب بێت و
بە سیلەی ڕەحم ...
سۆزی بۆ خوێنە ڕۆژهەڵاتییەکەم بجووڵێت،
کۆمبکاتەوە و

وەک جلە کۆن ...
بمنێتە نێو عەللاگەیەک

***

دەمێکە دڵم، بە خورپەوە پێم ئەڵێت:
هەرچەند لێت ورد ئەبمەوە
تۆ، فێر نیت ئاسایی لەم جەنگەدا...
خۆت بەیت بە دەست سەربازەکانی مەرگەوە
ڕانەهاتوویت بە خواستی (با)ی مەرگ
ڕووی کەشتییە پیرەکەی تەمەنت وەرگێڕیت،
تۆ، لە مردنێک ئەگەڕێیت
(مەرگ) خۆی ئاگای لێ نەبێت ...
چۆن وەکو هەوا ڕەت ئەبیت
ئەو، ژێر ئەرزت بۆ بگەڕێت
تۆ، لەسەر ئەرز ....
سەفەری نێو شارەکانی مردن بکەیت،
ئەو، هەواڵت لە ئەستێرەیەک بپرسێت،
تۆ، لە باخچەی ئەستێرەیەکی دوور ترا....
خەریکی خواردنی گێلاسەکانی فەنابوون بیت؛
سبەی، ئەمڕۆ،
یان ڕەنگە چەند ساتێکی تر....
شکانێک بشکێم،.....
هەر پارچەیەکم ...

ڕوو لە مەملەکەتی ونبوونێک بکات؛
مردن، لێرە وایە، قوربان
قوربان، شکان، وایە لێرە؛
کاتێک نەماوە بە کەیفی خۆمان ...
تیایدا مەحف ببینەوە،
ئەبێت وەقتێ لە (بو الوقت)ێ بخوازین، تا تیا بمرین
وەقتێ، هیچ لە ڕەنگی نەبێت
وەقتێ، بکەوێتە نێوان ....
سپێدە و نیوەڕۆ و
ئێوارە و شەوەوە
وەقتێ، هەناسەی کەس ...
چرکەکانی بێزار نەکردبێت؛
وەقتێ، یەکەم کەس خۆمان بین...
هەست بە لێدانی دەمارەکانی بکەین
وەقتێ، یەکەمین خەون
ئێمە خۆمان ...
لە پێخەفە نارنجییەکەیدا بیبینین! !!!

حوزەیرانی٢٠٠٥
کۆلن

# گلەیی بکە بە لای خوداوە *

ئێمە لە ئەهلی خراپەکارانین، ئازیزم
برۆ لە خودا بپرسە
شەڕی چ کۆنە قینێکت پێ ئەفرۆشێت و
ئۆبالّی چ تاوانێکی خستۆتە ئەستۆت! !
لێی بپرسە لە پای چیدا
کەسێکی بە بالّی هەلّالّەوە ....
نارد بۆ شەڕی نێوان لەشکری وەحشی ئاگر و
ئۆردووی کەللە ڕەقی ئاسن !!،
دلّنیام، کەسەکەم، دلّنیام
لە نێوان تۆ و سەرەنوێلّکی بەشەردا ....
مەودایەک هەیە فراوان ...
هێندەی مەودای ئێمەو جوانی؛
لەنێوان تۆ و گوناهدا
زەمەنێک ڕاکشاوە، درێژ،
هێندەی دووریی ئیبلیس...
لە جۆگەلە شیرەکانی بەهەشت،
برۆ لە خودا پرسیار بکە، ئازیزەکەم
چۆن بەو هەموو دلّناسکییەی خۆیەوە

کاسەی شەرابی تاڵی ئەو غەدرەی ....
لەسەر لەپی دەستی خۆی بۆ ڕاگرتیت و
بە ئەدرێسێکی ساختەوە....
ڕەوانەی ئەو جەنگەڵستانە پڕ وەحشەتەی کردیت
جەنگەڵستانێک،
ڕۆحێکی جیا و
دڵێکی جیاتری ئەوێت بەرگەی بگرێت
چاوێکی جیا بۆ تەماشا،
ڕۆحێکی جیاواز بۆ هەڵگرتنی ...
پریاسکەی چرچ و لۆچی خەمەکان

***

شەقامێک نابینیتەوە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا
ناوی (لێ خۆشبوون) بێت
لە ڕەنجاندنی دڵێکا .....
ئاوێنەی نزیکترین و میهرەبانترین ڕۆح...
ئەدەینە دەست تۆفانێک لە شەستە بەرد،
لە تۆڵەی نیگایەکی ساردا ....
بینایی چاوەکان، بە خەنجەری (ناحاڵی بوون)...
کۆڵەوار ئەکەین،
قایل نابین چۆلەکەیەک ....
بەر لە مەلابانگدان،
بە عەتری جریوە، بالیفەکانمان تەڕ بکات،

بێبەری ئەکەین لە شەماڵی ڕەحمێک و
نەغمەکانی لێ ئەدزین،
فێر نەبووین باوەشێنی خەمی ....
گەرما بردووی عاشقێک بکەین
مەعشوقەکەی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەرا
بە ناچاری، جێ هێشتووە و
کورسیی چۆڵی فارگۆنەکان....
بۆ تارمایی قامکەمانی ئەو ئەگەڕێت
تێگەیشتیت ئێمە چین، ئازیز!!
ئێمە لە زومرەی خودا نەناسین
بۆیە ئەویش دوور لە عەرشەکەی خۆی .....
باخە سووتاوەکانی دۆزەخمان پێ ئاو ئەدات و
پشکۆمان پێ بژار ئەکات؛
بە کام توولە ڕێدا هاتوویت
هەوڵبدە لە تەک گۆرانییەکا بگەڕێیتەوە
بەدەم ڕێوە دەوەنی درۆکانمان بشێلە و
کە چوویتەوە، با، شتێکت لا نەمابێت .....
کارژۆڵەی یادێکی ئێمە
بەرداتەوە شینایی ئەندێشەکانت

***

لە ڕەحمی ئەژدیهایەکی بەدکارەوە ...
کەوتووینەتە خوار، ئێمە

فریشتە ڕێ بەماڵمان نابات و
شەوانە، شەیتانی خان و مان، بە ڕوویەکی خۆشەوە
بەر لە خەوتن ماچمان ئەکات و
جێیەکمان بۆ ڕائەخات لە لۆکەی (نیفاق)،
سپێدانیش ژوورەکانمان جمەی دێت
لە (دەجال)ی نوورانی و
بە بانگ و سەڵای ئەوان ....
بۆ خەتمکردنی کتێبی پیرۆزی (ڕیبا) و
نوێژی فیتنەبازی و
زیکریی خوێن ڕشتن، هەڵئەستین

***

تێ ئەگەیت ئێمە چین، ئازیزم!
بێستانی ئاشووب،
زەریای تاعوون،
کێوی تەفرەدان،
ئاسمانی (خەتا)؛
تۆش، بێستانی شەمامەی بۆنخۆشی وەفا،
ئۆقیانووسی بەرینی ئاوەدانی،
لوتکەی سەر بە تەمی میهر،
هەسارەی پرشنگداری بەرائەت

***

ئەو ئەدرەسە فڕێدەرە بەر پێی ...
ڕەشەبایەکی نەناس و
کەچوویتەوە هەر لە دەمی قاپییەکەوە بە خوا بڵێ:
گلەیی بێت،
من چ بەردێکم گرتبووە ...
لقی بەرزی ئەرخەوانی حەوشەکەی تۆ؟
کام دیواری کەعبەم کەچکرد؟
کەی وەک منداڵێکی بزێو
لە ناوەختا دەستم ناوە بە زەنگی دەرگاکەتا و
سەر لەخۆت و خەونەکانت بشێوێنم؟
ئەدی، لە تۆڵەی کوشتنی کام پێغەمبەرا
فڕێت دامە نێو مەیدانی جەنگێکەوە
کە گشت سەربازەکانی خۆتی تیا هەڵهاتوون!!
مەیدانێک پڕ لە ئالآی سپی...
سەرکردەکانی سوپا زەبەلاحەکەت؛
جەنگێک،
هەموو گیانتی بە بەفری (دۆڕان) سپی کردووە؛
گلەیی لەو بکە ئازیز،
گلەیی لەو .......!!!

نیسان و مایسی٢٠٠٦
کۆڵن

*ناونیشانی ئەم شیعرە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری وەرگیراوە، خۆی دێڕەکە بەم جۆرەیە: گلەیی دەکەم بە لای خوداوە.

# تووێلەکانی گومان

دەستێک، ئەکێشێت بە شانما،
لێوێک بە گوێما ئەخوێنێت:
ئەو ڕێبوارەی چەشنی هەواڵێکی خێرا
بە تەنیشتا گوزەری کرد
ڕەنگە ئێستا خۆزگەیەک لە کەللەی دابێت......
لە بێزاری و تاریکیی سەفەرێکی درێژدا،
لۆکەی تەنیایی بۆ یەکتر شیی بکەنەوە و
چراوگی نوکتەی خۆش .. خۆش بۆ یەک هەڵکەن
یان بیری بۆ ئەوە چووبێت...
لە سووچی کافتریایەکدا
بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە
وردە .. وردە لە شەکریی پرسیاری تاڵدا سپیت بکات:
–تۆ خەڵکی کوێیت؟
–چەند ساڵە کەوتوویتە ئێرە؟
–ئەی بۆ ئەوەندە مەلوولیت؟
–کە بینیمیت لەبەر خۆتەوە ئەدوایت،
ئەوە کێچی چ خەمێک کەوتبووە کەوڵت؟

***

ئەو پێم ئەڵێت:
ئەو کیژۆڵەیەی پێش کەمێک ....
بەمەکرەوە،
سەرتاپای لە ئارەزوویەکی عیشوەدار هەڵکێشایت
دوور نییە حەز بکات ئەمشەو
لە باخەڵی هاوسەرەکەت بتفرێنێت و
هەرچی پشکۆی حەشەری بوونی خۆیەتی...
بچزێنێت بە جەستەتا،
کێ چووزانێت، لەوانەشە بە نازەوە وتبێتی ..
ئەم سەر ڕەشە هەر بۆ ئەوە چاکە ...
بالوولێک بێت، ...
پووش و پوڵاشی ساتی جاڕزبوونمان...
بە پەڕەی گوڵی پێکەنینێک پێ داپۆشێت،
هەر ئەڕێسێت و پێم ئەڵێت:
ئەو پیرەمێردەی لە میترۆکەدا
بۆ ئەوەی پەنجە لەرزۆکەکانی ..
هەمیشە بەر ژیان بکەون...
خۆی بە لاسکی یادێکییەوە ڕاگرتبوو،
من وای بۆ ئەچم ....
خەیاڵی ئاوا فریبێت:
تۆ ئێستاکە لەنێوماڵەکەی ئەوایت و
جلەکانی بۆ چاک ئەکەیت،

گۆچانەکەی ئەدەیتە دەست،
تا تەوالێتەکەی ئەبەیت و
پێڵاوەکانی بۆ ئەکەیت بە ئاوێنە،
هەندێ جاریش وای بینیبیت ...
تۆ کابرایەکی بێ مەئوا و
غەریبێکی خاکەسار و
ڕاونراوێکی بێ چارەیت،
ڕەنگە وتبێتیشی ئەم دەعبا عەنتیکانە
بۆچی وڵاتەکەی منیان ...
کردۆتە باخچەی ئاژەڵان!
گوناهم چییە ڕۆژانە ...
ژەنگ و ژاری هەناسەی ئەمانە
بنیشێتە سەر بەفری تەمەن و
هەنگوینی ئەندێشەکانم؟

❋❋❋

بە گوێچکەما ئەچرپێنێت:
تۆ ئەو پیرێژنەت بینی ...
لە سوپەر مارکێتەکەدا
چۆن هەوری خەستی تەماشای...
بەسەرتا ڕەهێڵەی ئەکرد؟
چۆن وەک سەراب ...
نەیئەزانی لە کوێوە بینت پێوە نێت!

من ئەڵێم ئەو داپیرەیە وایزانیوە
تۆ سێبەری تەڕ و بڕی .....
نیگاکانی کوڕە تاقانەکەی ئەویت ...
کە جەنگەکان لە شیرین خەوا لێیان شاردەوە و
بە قەیتانی پێڵاوەکەشی شاد نەبوویەوە،
تۆ ئەو کوتە گۆشتە نازدارەیت
کە لەسنگیان دەرهێنا و
تاکو ئێستاش جێی خاڵییە؛
دوور نییە وتبێتیشی:
ئێی زەمانە،
کردەی ئێمە و بردەی ئەم کەللە پووتانە
خوێنی ئێمە و فڕک و وڕی
ئەم دەست و پێ سپییانە

***

لە ناخەوە هەر بە گوێما ئەخوێنێت و واز ناهێنێت:
ئەو منداڵەی تۆپەکەی لەدەست بەربۆوە و
کەوتە بەر پێت،
ڕەنگە لای ئەو،...
چریسکەیەک لە میهرەبانی باوکی ....
لە تەوێڵتەوە هەستابێت،
یان خەیاڵ وای هەڵگرتبێت
تۆی ڕەنگ پەڕیو

وەک دڕندەیەکی کێوی ...
پڕ ئەکەیت بە پەلی خۆی و یارییەکانیا و
ئیتر ناهێڵیت جارێ تر
ئاڵتوونی زەردەخەنەکانی هەڵڕێژێت؛
ئەو پێم ئەڵێت و ئەڵێت و ئەڵێت .....
هەتا قووڵایی وەڕسبوون لێم ناگەڕێت؛
منیش بە چرپەیەک ئەڕژێم:
سەبر بکە، کەمێک ئارامی،
ڕەنگە ئەمانە توێکڵی قسەیەکی نەستەق بن،
یان قاوغی خەونێکی بەتاڵ،
یاخوود دەستنوێژێکی لە ئەزەلەوە شکاو،
کێ ئەڵێت ئەوانە، هەرگیز....
سروەیەک لە هەستی داون ناوی (من) بێت؟
ڕەنگە تارماییش نەبووبم،
هیچ دوور نییە لە تەنکە هەڵمێکیش چووبم،
تەنکە هەڵمێک،
نە، ئاوێنەیەکی پێ لێڵ بێت و
نە، توانای لیخنکردنی ڕوانینێکی هەبێت
نا، هیچ بە دووری نازانم،
بۆگەنێکیش نەبووبم، تا هەراسانیان بکەم،
گۆرانیی نەشازی سەرخۆشێکیش نەبووبم
ناچاریان بکەم، لێم مۆن ببنەوە
یان فیکەیەک، تا ئاوڕیان پێبەمەوە؛

سەختە، هیچیان نەبیت، هیچ
گرانە، کتێبێکی توورڕدراوی نێو گۆلاو و
جانتایەکی بەجێماوی...
وێستگەی شەمەندەفەرێک و
نامەیەکی فەرامۆشکراوی بێ ئەدرێس و
زەنگی شکاوی سەر دەرگایەک بیت،
سەختە، سەخت،
گرانە، گرانە، گران .........!

مایسی ٢٠٠٥
کۆلن

# هەمیشە مردن، هەمیشە پرسیار

چاکت کرد ئەو مۆمەت بۆ داگیرسانم
ئەی ئەو ڕاگوزەرەی ...
وەک سروەبایەکی خوێن شیرین
بێرەدا ڕەت بوویت و
پۆشتەت کردمەوە بە هەڵاڵەی (وتن)،
بە خۆم نییە، چاوەکانم تەواو کزبوون
دەنا، ڕەنگبوو بە ناوی خۆتەوە بانگت بکەم و
بە ناوی گۆڕستانێکەوە سوپاست بکەم!
بوو بە گرێیەک لە دڵما،
تێ نەگەیشتم، کە ئەو تەڵە شقارتەیەت لێ دا
تۆ ڕووخساری منت بینی؟
یان با بڵێم، ناسیتمەوە؟؛
گەرچی گرنگ نییە، مردوو
ناسیاوێک شک بەرێت، یان ....
ڕێبوارێک بیناسێتەوە !!!

❊❊❊

چاکت کرد ئەو مۆمەت هێنا،
لەوەتەی هاتوومە ئێرە
من، لەو (دووڕوو)انە نیگەرانم .....
بە شانی خۆیان هێنامیان،
بە دەستی خۆیان شۆڕیان کردمەوە و
باڵایان لە گڵ گرتم و
ئاسمانیان هێنایەوە یەک،
کەچی هۆن .. هۆن
بە چاوی خۆشیان بۆم گریان!!!

***

بە دەست خۆم نەبوو کە مردم،
گەرچی، بەر لەوەی ئیزرائیل .....
دەست بنێت بە زەنگی دەرگاکەما
من خۆم ئامادە کردبوو،
بە دڵی گۆڕهەڵکەن خۆم گۆڕی بوو،
ڕەنگ زەردیم وەک بۆینباخ بەستبوو،
بێ دەنگیم وەک سمۆرەیەکی دەستەمۆ .....
لە باخەڵما خەواندبوو،
چاوەکانم فێرکردبوون چۆن داخرێن
دڵم ڕاهێنابوو چۆن چرکەی لێوە نەیەت....
بۆ ئەوەی مەرگ بە غروورەوە تێم نەڕوانێت،

خۆم تەیار کردبوو ....
بۆ ئەوەی بە دەنگێکی گڕ تێم نەخوڕێت:
هەستە دوامکەوە

***

سەرفرازبیت لێرەوە هاتیت، ئەی ڕێبوار،
بڕۆیت، یان، نا،
گوێ بگریت، یان...
سڵ لە مردوو بکەیتەوە، کە دێتە گۆ،
چ ناگۆڕێت،
گرنگ ئەوەیە لێرە بوویت
گرنگ، پێکردنی ئەو مۆمە بوو...
تا من تەلیسمی دنیاکەی ئێوەی لەبەردا بشکێنم،
گرنگ، ئەی ڕێبواری نەناس
کەسێک شک بەرم،
چیم هەیە بیباتەوە ....
بۆ ئەو کاولستانەی ناوی (ئاوەدانی)یە،
ئەو خەراباتەی بە (زەمین) ناوی ڕۆیوە؛
من خۆم ئەتوانم....
بە مەرگ بڵێم لووت لە ئاسمان نەسوێت
چونکە چەندی بباتەوە هەر دۆڕاوە
ئەو ئولفەتی بەو گەمەیەوە گرتووە و
ئێمەشی پێ ئالوودە بووین؛

بەڵام تۆ بەوانە بڵێ ...
کە جارێ تر دەنگم پێیان ناگاتەوە
کەی ویستیان گۆرانی بڵێن،
کەی حەزیان بە ماتەمینیی بوو،
کۆ لەهەڵوەرینی دەنکە هەناری فرمێسک نەکەنەوە
کە تاسووقی ڕووتبوونەوە بوون،
حیساب بۆ لە خۆبایی بوونی کزەبا نەکەن،
ئەفسوونی شتەکان تارماییین و
بە گڕی ئەو مۆمەی تۆ بۆت پێ کردم هەڵئەپروکێن،
سەرابن و
کە، شەو، لە درزی ماکسییە ڕەشەکەیەوە
بە ئاستەمێک شلکەی ڕانی خۆی پیشاندان
ئیدی ئەوان هێندەی (هیچ) یان ئەمێنێتەوە،
ئەی ڕێبوار، تۆ کەی کاتت هەبوو
ناو بە ناو سەرێکم لێدە
تا ڕەزی نهێنییەکانی ئێرە تاڵان بکەم و
هەر جارەی بەرچنەیەکت بدەمێ
تۆش بۆڵێک هەواڵی خۆتانم پێ ببەخشە

***

تێناگەم ئەی ڕێبوار،
من هەنووکەش حاڵی نەبووم
ئەوانەی یەخەی خۆیان بۆم دادڕی

بۆ  لە بێدەنگی و ڕەنگ پەڕینم ترسان!؟
بۆ دەستی کەسیان نەگرت
تا نەمکەن بە ژێر ئەو گڵە مەیل بڕەوە!؟
تێ نەگەیشتم، چ پەلەیەکیان بوو، ڕێبوار،
نەیانهێشت بۆ شەوێک بە ئارامی و
بێ ئەوەی هیچ بڵێم و هیچ ببینم،
هەست بە لەزەتی تریفەی مانگ و
عیشوەی ئەستێرە عەیارەکان بکەم...
کە لە وردە ماچدا خەنیم ئەکەن،
من لە هیچ نەگەیشتم، ئەی ڕێبوار
سەفەرێک بوو، ...
تەنها لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە
کراسی ئاودامان سەوزی پێدەشتەکان و
زیوی سەر سینەی شەپۆلەکانم چاو ئەکرد
من هیچم نەدی، ئەی ڕێبوار
چ حاڵی نەبووم
ئەوەندەم لەگەڵ خۆم نەهێنا...
وەڵامی  (من ربک) بدەمەوە
من خودام تەواو نەناسی،
نەمبینی چۆن تووڕە ئەبێت...
تا لە دۆزەخی بترسم؛
زوو ئەڕۆین، ئەی ڕێبوار
زوو دەست بە ڕوومانەوە ئەنرێت

هیچ کامێکمان تامی خەونی....
نیوەڕۆیەکی ژێر ساباتی خوا ناکەین،..
تا بە تەماعی میوەکانی بەهەشتەوە
کەلوپەل بپێچینەوە،
دەرگاکان پێوە بدەین و
پەنجەرەکان بۆ هەتاو بەجێ بهێڵین .....
لەم ژوور بۆ ئەو ژوور فڕکەی بێت؛
لە سەفەرێکا ون ئەبین
لە سەفەرێکا سەرنگووم ئەبین، ئەی ڕێبوار
سەفەر .. سەفەر،
سەفەر، سەفەرێکی نادیار

ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٥
کۆلن